کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

# ٤٨٨

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٨٨ – خاکەلێوەی – ئاپریلی ٢٠٢٦



**عەسەلوویە لە ژێر ئاگری شەڕدا**

**کرێکاران لە هێڵی پێشەوەی شەڕی دوو جەمسەری سەرمایەداریدا**




**پێویستیی پەرەپێدانی بزووتنەوەی جیهانی دژی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانە**



**شەڕی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەو کام لا دەڕوات؟**

**بەردەوامی لەسێدارەدانی زیندانییان لەسەر بەستێنی هەلومەرجی شەڕ**



**ئاسۆی لێڵی کۆتاییهاتنی شەڕ لە هەلومەرجی پەرەسەندنی هێرشە بەرامبەرەکاندا**

**پەرەسەندنی سەرکوت لەژێر سێبەری شەڕێکی وێرانکەر و کۆنەپەرستانەدا**

**بە یادی گیانبەختکردووانی تیمی پزیشکی ڕەوانەکراو لە سنەوە بۆ تورکمەنسەحرا**

### سەروتار

## ئاکامە وێرانکەرەکانی شەڕ

لە هەلومەرجێکدا کە ئاگری شەڕ بڵێسە دەسەنێت و هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کۆتاییهاتنی بەدی ناکرێت، گەرووی هورمز کە یەک لەسەر پێنجی نەوتی جیهان لەوێوە دەگوازرێتەوە، بە کردەوە داخراوە. لە ئاکامدا، نرخی هەر بەرمیلێک نەوت هەندێک جار لە ١١٠ دۆلار تێدەپەڕێت. ئەم دۆخە، وەک ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە وەسفی دەکات، کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ «گەورەترین قەیرانی ئاسایشی وزەی جیهانی لە مێژوودا» بەرەوڕوو کردووەتەوە. هەروەها هەزاران دەریاوان لە کەنداوی فارسدا سەرگەردان بوون، کەشتیوانی نێودەوڵەتی پەکی کەوتووە و هێڵە ئاسمانییەکان هەزاران گەشتیان لە سەرتاسەری ناوچەکەدا هەڵوەشاندووەتەوە. هاوکات لەگەڵ تێکچوونی ڕەوتی دابینکردنی نەوت و گاز، ئەم شەڕە کاریگەریی قورسی داناوە لەسەر هەناردەکردنی کاڵا گرنگەکانی پیویستی ژیان، لەوانە دەرمان، یارمەتییە مرۆییەکان بۆ وڵاتە هەژارەکانی جیهان و ئوورە کە سەرچاوەی کوودی نیترۆژێنییە بۆ کشتوکاڵ لە سەرتاسەری جیهاندا

لە ئاکامی ئەم شەڕەدا کە نزیکەی مانگێکە درێژەی هەیە، تا ئێستا نزیکەی دوو هەزار کەس لەوانە زیاتر لە ٢٠٠ منداڵ لە ئێران گیانیان لەدەست داوە. زیاتر لە ١٦٠ کەس لەو منداڵانە هەر لە یەکەمین ڕۆژی شەڕەکەدا و لە هێرشی مووشەکی ئەمریکا بۆ سەر قوتابخانەیەکی کچان لە شاری میناب گیانیان لەدەست داوە. بەهۆی بڕینی ئینتەرنێتەوە، لە ٢٨ی فێبریەوە پێوەندیی ٩٠ ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لەگەڵ جیهانی دەرەوە پچڕاوە و دەیان هەزار کەس کار و پیشەی خۆیان لەدەست داوە. سەرەڕای ئەوەش، تا ئێستا هەزاران باڵەخانەی نیشتەجێبوون، نەخۆشخانە، قوتابخانە، یاریگا، کۆگای وزە، ژێرخانە کانی ژیان و بینا مەدەنییەکانی دیکە زیانیان بەرکەوتووە. لە هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیلیش تا ئێستا دەیان کەس کوژراون و زیاتر لە پێنج هەزار کەس بریندار بوون. لە لوبنان، تا ئێستا زیاتر لە ١١٠٠ کەس کوژراون و زیاتر لە سێ هەزار کەسیش بریندار بوون، کە نزیکەی سەدا سیی کوژراوەکان منداڵن و ژمارەیەکی زۆریش کادری پزیشکین، هەروەها نزیکەی یەک لەسەر پێنجی دانیشتووانی لوبنان ئاوارە و دەربەدەر بوون. کاتز، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، خوازیاری خاپوورکردنی

خێرای گوندە سنوورییەکان بووە و ڕایگەیاندووە کە بۆ ئەم کارە، وێرانکردنی بەیت حانوون و ڕەفەح لە غەززە دەکەنە مۆدێل و سەرمەشق. بێزالێل سمۆتریچ، وەزیری دارایی ئیسرائیلیش ڕایگەیاندووە کە دەبێت ڕووباری لیتانی لە لوبنان کە ٢٩ کیلۆمەتر لە سنووری باکووری ئیسرائیلەوە دوورە، ببێتە سنووری نوێی ئیسرائیل لەگەڵ لوبنان. لەپاڵ بۆردومانی ناوچە نیشتەجێبوونەکان، سوپای ئیسرائیل بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەی کە لەلایەن سیاسەتمەدارە فاشیستەکانی ئیسرائیلەوە ڕاگەیەندراون، ڕۆژانە



هۆشداری دەداتە دانیشتووانی باشووری ڕووباری لیتانی کە ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن و بەرەو باکووری لیتانی بڕۆن

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل شەڕێکیان بەرپا کردووە کە لێکەوتەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی حیساب بۆنەکراوی لێ دەکەوێتەوە و دەتوانێت لە درێژەی خۆیدا تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ناو ئاگرێکەوە کە هیچ کەس نەتوانێت قەبارە و ماوەکەی پێشبینی بکات. ئەم شەڕە، بەپێچەوانەی چەواشەکاری و درۆودەلەسەی پاشایەتیخوازان و شەڕانگێزانی دیکەی بۆرژوازی ناسیۆنالیست، شەڕێکی «مرۆڤدۆستانە» و بۆ «ئازادیی» خەڵکی ئێران نییە. لە بنەڕەتدا شەڕ جگە لە کاولکاری، ناسەقامگیری و نائەمنی، ناتوانێت هیچ دیارییەکی دیکەی پێ بێت. هەروەها ئەم شەڕە نە بۆ لەناوبردنی بەرنامە ناوکییەکەی ڕژێمە و نە بۆ ئەوەشە کە «مامە ترامپ» ببێتە فریادڕەسی جەماوەر؛ تەواوی بەڵگەکانی ئەم چوار هەفتەیەی شەڕیش، پێچەوانەی ئەم بانگەشانەمان پێ دەسەلمێنن. ئەم شەڕە نەک هەر نارەزایەتی و خەباتی ڕۆژانەی خەڵکی وەستاندووە، بەڵکو دەستکەوتەکانی خەباتی تا ئێستای جەماوەری ئێرانی خستووەتە مەترسی لەناوچوونەوە. ئەم شەڕە کار و ژیانیانی تێکداوە و ئاسایشی گیانییانی کردووەتە ئامانج. بەڵام ڕژێمی ئیسلامی کە لە ئاکامی خەبات و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی دەیەی ڕابردوودا نیوەگیان ببوو، ئەم شەڕە هەناسەیەکی تازەی بەبەردا کردەوە و، سەرمەست لەم کەشوهەوایە و بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، زیندانیان لەسێدارە دەدات، خۆپیشاندەران و چالاکان بە تۆمەتی هەڵبەستراوی هاوکاریکردن لەگەڵ دوژمن دەستبەسەر دەکات و، لە کۆڵان و شەقامەکاندا لوولەی تفەنگەکانی ڕوو بە دوژمنی ناوخۆیی، واتە خەڵکی ئێران، ئاراستە کردووە

هۆکارە ڕاستەقینەکانی ئەم شەڕە لەلایەکەوە لە هەوڵەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و گاز و سەرچاوە ستراتیژییەکانی دیکەی ناوچەکە، و هەروەها لە قەیرانی ڕوو لە گەشەی هەژموونی جیهانی ئەمریکادا دەردەکەون. ئێران لەسەر چوارەمین پاشکەوتی گەورەی نەوت و دووەمین پاشکەوتی گەورەی گازی سروشتی جیهانە و زاڵە بەسەر گەرووی هورمزدا، کە یەکێکە لە گرنگترین دەروازە ستراتیژییەکانی گواستنەوەی وزەی جیهانی. کۆنترۆڵکردنی ئەم سەرچاوە سروشتییانە و، لەوەش گرنگتر، ڕێگریکردن لە دەستڕاگەیشتنی ڕکابەرێکی وەک چین بەم سەرچاوانە و ڕێگا گرنگەکانی ئەم بەشەی جیهان، بۆ ئەمریکا و پاراستنی هەژموونە جیهانییەکەی بایەخێکی ستراتیژیی هەیە. باجدان و سازشی ئەمریکا بە ڕووسیا لە شەڕی ئۆکراین، و هەروەها ڕفاندنی مادۆرۆ و کۆنترۆڵکردنی نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی ڤێنیزوێلا هەر لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژییەدایە. کەواتە، ئەم شەڕە بۆ «ئازادکردنی» خەڵکی ئێران نییە. ئەم شەڕە نەک هەر لە دژی خەڵکی ئێران و ناوچەکەیە، بەڵکو وەک لە ئاکامەکانییەوە دیارە، شەڕێکە دژ بە تەواوی چینی کرێکاری جیهانی. لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامیش کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە پێگەی کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسییەوە، دژایەتیکردنی ئەمریکا و ئیسرائیلی کردە بەشێک لە ناسنامە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکەی خۆی، و هەوڵی دا بە پشتبەستن بە ئامرازی هێزەکانی ناسراو بە «میحوەری موقاوەمەت» بۆ بەرەنگاربوونەوەی نفوزی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، پرۆژە ناوکییەکان، گۆڕینی ئێران بۆ جبەخانەی بەرهەمهێنانی مووشەکی بالیستیک و گرتنەبەری سیاسەتی شەڕخوازانە ببێتە زلهێزێکی باڵادەستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە کردەوە زەمینەی بۆ ئەم شەڕە خۆش کرد. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئەم ستراتیژییەی بە بەهای هەژاری و نەهامەتیی کرێکاران و خەڵکی ئێران و سەرکوتکردنی هەرچەشنە دەنگێکی هەقخوازانە بردە پێشەوە

ئەگەر لە ئێران خەڵک بە بیانووی شەڕەوە زیاتر سەرکوت دەکرێن و هەر دەنگێکی نارەزایەتییان بە زیندان، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان وەڵام دەدرێتەوە، ئەوا لە ئەمریکاش لە کاتێکدا نزیکەی ملیۆنێک کەسی بێلانە و بێماڵوحاڵ هەیە، ملیاردها دۆلار لەجیاتی ئەوەی خەرجی نیشتەجێبوون و دەرمانی کۆمەڵگە بکرێت، دەخرێتە خزمەت ماشێنی شەڕ و پاراستنی هەژموونی سەرمایەوە. لە ئەفریقا، ملیۆنان مرۆڤ لەو هاوکارییە خۆراکییانە بێبەش کراون کە بۆ مانەوە لە ژیان پێویستیان پێیەتی. لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، گوزەران و داهاتی ژمارەیەکی زۆر لە جووتیاران بەهۆی پێنەگەیشتنی کوود و کەرەستەی دیکەی پێویست بۆ کشتوکاڵ، کەوتووەتە مەترسییەوە. لە ئەورووپا و ناوچەکانی دیکەی جیهان، لە کاتێکدا خەڵک بە بیانووی پەتای کۆرۆنا و دواتر بە بیانووی شەڕی ڕووسیا و ئۆکراینەوە، ڕووبەڕووی سیاسەتی سەختی ڕیازەتی ئابووری، بڕین یان کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێکاری بەربڵاو بوونەوە، ئێستاش بەهۆی بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری نرخی نەوت و گاز و پێداویستییەکانی دیکەی ڕۆژانەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ سفرەکانیان بەتاڵتر دەبێتەوە و، دابەزینی ئاستی بژێویی کرێکاران و هەڵکشانی گرانی و هەڵاوسان، بووەتە نۆرمێکی نوێی ژیان بۆ ملیۆنان کرێکار، زەحمەتکێش و جەماوەری کەمداهاتی کۆمەڵگە

هەروەک دەبینین، ئەم شەڕە و لێکەوتە سیاسی و ئابوورییەکانی تەنها لە ئێران و ناوچەکەدا قەتیس نەماون، بەڵکو تەواوی جیهانیان گرتووەتەوە. هەر بۆیە، دەبێت لەسەر ئاستی جیهانیدا ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە مەحکووم بکرێت. بزووتنەوەکانی دژەشەڕ، کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز دەبێت ئەم شەڕە شەرمەزار بکەن و لێبڕاوانە لە بەرامبەریدا بوەستنەوە. ئەم شەڕە تەنها لە دژی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران و ناوچەکە نییە، بەڵکو بارودۆخی بژێوی، ئەمنی و کاری تەواوی کرێکاران و جەماوەری هەژار و کەمداهاتی جیهانیشی لە ڕابردوو سەختتر کردووەتەوە. لەم ڕووەوە، هەموومان دەبێت داواکاری ڕاگرتنی بین و بە دەنگێکی ڕەسا و بەهێز لە دژی بوەستینەوە و ڕێگە نەدەین ببینە قوربانی بێدەنگی کایە ژیۆپۆلەتیکییەکانی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**

**alternative-shorai.tv**

# بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

# عەسەلوویە لە ژێر ئاگری شەڕدا

## کرێکاران لە هێڵی پێشەوەی شەڕی دوو جەمسەری سەرمایەداریدا

لە نۆزدەیەمین ڕۆژی شەڕی کۆنەپەرستانەدا، ئیسرائیل دامەزراوەکانی وزەی لە عەسەلوویە و کێڵگەی گازی "پارسی جنووبی" بۆردومان کرد؛ ئەو هێرشانەی کە نەک هەر ژێرخانە هەستیارە ئابوورییەکانیان کردە ئامانج، بەڵکوو جارێکی دیکە ئەوەیان سەلماند کە لە لۆژیکی شەڕەکاندا، هیچ سنوورێک لە نێوان ئامانجە سەربازییەکان و ژینگەی ژیانی مرۆڤەکاندا بوونی نییە. عەسەلوویە تەنیا خاڵێکی پیشەسازی نییە، بەڵکوو یەکێک لە گرنگترین ناوچە کرێکارییەکانی ئێران دێتە ئەژمار؛ شوێنێک کە تێیدا دەیان هەزار کرێکار لە پاڵاوگەکان، پترۆشیمییەکان و پرۆژەکانی وزەدا خەریکی کارن. بۆردومانی ناوچەیەکی وا، ڕاستەوخۆ ژیان و بژێویی ئەم هێزەی کار دەکاتە ئامانج و لە هەمان کاتدا، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەم دامەزراوانە، لێکەوتەی کارەساتباری ژینگەیی بۆ دانیشتووانی ناوچەکە و ئیکۆسیستەمی دەوروبەری لێ دەکەوێتەوە

هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی وزە لە عەسەلوویە و پارسی باشوور، تەنیا ڕووداوێکی سەربازی نییە؛ بەڵکوو دەبێت ئەم ڕووداوە لە چوارچێوەی لۆژیکی گشتیی شەڕە ئیمپریالیستییەکان، ململانێ ژێوپۆلەتیکییەکان و ئەو پەیوەندییە چینایەتییانەدا هەڵبسەنگێندرێت کە بەسەر بواری بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەداریدا لە ناوچەکەدا زاڵن. ئەوەی لەم هێرشانەدا بەرجەستە دەبێتەوە، تەنیا وێرانکردنی ژێرخانە هەستیارەکان نییە، بەڵکوو ئاشکراتربوونی پێگەی هێزی کارە لە هاوکێشەکانی شەڕ و سەرمایەدا؛ ئەو شوێنەی کە تێیدا کرێکاران، وەک بەرهەمهێنەرانی سەرەکیی سامان، لە هەمان کاتدا بێدەرەتانترین قوربانییانی ئەم پەیوەندییانە دەمێننەوە. ئەم بێبایەخییە بە گیانی مرۆڤەکان نە "هەڵەیە" و نە "حاڵەتێکی تایبەت"، بەڵکوو بەشێکە لە سروشتی شەڕ؛ ئەو شەڕانەی کە تێیاندا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکاندا نییە. هەر بۆیە، ئەو بانگەشانەی باس لە "هۆشدارییە مرۆییەکان" یان "کەمکردنەوەی قوربانییە مەدەنییەکان" دەکەن، دەبێت لە چوارچێوەی دەزگای ئایدۆلۆژیکی دەسەڵاتدا شیکارییان بۆ بکرێت. ئەم هۆشدارییانە، زیاتر لەوەی هەوڵێکی ڕاستەقینە بن بۆ پاراستنی گیانی مرۆڤەکان، ئەرکێکی پروپاگەندەییان هەیە و ئامرازێکن بۆ بەرهەمهێنانەوەی ڕەوایەتیی شەڕ لە بیروڕای گشتیی جیهانیدا

پارسی جنووبی وەک گەورەترین کێڵگەی گازی جیهان، نەک هەر تەنیا سەرچاوەیەکی وزەیە، بەڵکوو ناوەندێکی ستراتیژییە لە ئابووریی سیاسیی ئێران و ناوچەکەدا. چڕبوونەوەی دامەزراوە زەبەلاحەکانی گاز، پاڵاوگەکان و پیشەسازییە پترۆشیمییەکان لە عەسەلوویە، ئەم ناوچەیەی کردووەتە ناوەندی سەرەکیی بەرهەمهێنانی بەهای . لە وەها هەلومەرجێکدا، هەر جۆرە هێرشێک بۆ سەر ئەم ژێرخانانە، ڕاستەوخۆ بە مانای بەئامانجگرتنی ڕەوتی کەڵەکەی سەرمایە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئابوورییە. سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی لە شیکارییەکان و ڕاگەیاندنەکانی ڕەوتی زاڵدا پەراوێز دەخرێت، ئەو ڕاستییەیە کە ئەم "ژێرخانانە" بێ بوونی هێزی کاری زیندوو، و بێ ئامادەیی هەزاران کرێکار، هیچ مانایەکیان نییە

لەم نێوەندەدا، کۆماری ئیسلامی و پێکهاتە ئابوورییەکەی، بە پشتبەستن بە کاری هەرزان، گرێبەستی کاتی، و هەلومەرجی کاری نامرۆڤانە، عەسەلوویەی کردووەتە یەکێک لە ناوەندەکانی دڕندانەترین چەوساندنەوە لە ئێراندا. ئەو کرێکارانەی لە بێبەشترین ناوچەکانی وڵاتەوە ڕاپێچی ئەم ناوچەیە کراون، لە بارودۆخێکدا کار دەکەن کە تەنانەت لە دۆخی ئاساییشدا ڕووبەڕووی مەترسیی جددیی گیانی و سەلامەتی دەبنەوە. ئێستا، بە بۆردومانی دامەزراوەکان و ئەگەری دزەکردنی گازی ژەهراوی، پیسبوونی بەربڵاوی هەوا و ئاو، و وێرانبوونی ژینگەی ناوچەکە، ئەم مەترسییانە نەک تەنیا کرێکاران، بەڵکوو سەدان هەزار کەس لە دانیشتووانی ناوچەکەش دەخاتە بەردەم هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ و هەمیشەییەوە

لەگەڵ ئەوەشدا، وێناکردنی کرێکارانی عەسەلوویە تەنیا وەک قوربانی، وێنایەکی ناتەواو و یەکلایەنەیە. لە ساڵانی ڕابردوودا، هەر ئەم کرێکارانە چەندین جار لە شێوەی مانگرتن و نارەزایەتیی ڕێکخراودا، دژی هەلومەرجی کار، حەقدەستی نادادپەروەرانە و سیستەمی پەیمانکاری هاتوونەتە مەیدانەوە. مانگرتنە سەرتاسەرییەکانی کرێکارانی پرۆژەییی نەوت و گاز، کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا تەشەنەیان سەند، نیشانی دا کە ئەم بەشەی چینی کرێکار نەک هەر خاوەنی توانایەکی بەرزی خۆڕێکخستنە، بەڵکوو دەتوانێت ببێتە هێزێکی یەکلاکەرەوە لە هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکاندا. سەرەڕای ئەوەش، لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییەدا، لەوانەش ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا، بەشێک لەم کرێکارانە بە شێوازی جۆراوجۆر لە ڕێگەی هاوپشتی و پشتیوانییەوە، گرێدراویی نێوان خەباتی ئابووری و سیاسییان بە شێوەیەکی بابەتیانە نیشان دا. ئەم ئەزموونانە نیشانی دەدەن کە لە جەرگەی بارودۆخی سەرکوت و چەوساندنەوەشدا، هۆشیاریی چینایەتی و بەرخۆدان لە حاڵی گەشەدایە

ڕەهەندێکی دیکەی ئەم ڕووداوە، مەسەلەی سانسۆر و کۆنترۆڵی زانیارییەکانە. لە هەلومەرجێکدا کە ئینتەرنێت سنووردار دەکرێت یان دەپچڕێندرێت و میدیا سەربەخۆکان دەرفەتی چالاکییان نییە، ڕاستییەکان بە ئاسانی دەشاردرێنەوە. ئاماری ڕاستەقینەی کوژراوان، برینداران و بێسەروشوێنان، بەتایبەتی لە نێو کرێکاراندا، ڕەنگە هەرگیز بە تەواوی ڕوون نەبێتەوە. ئەم پەردەپۆشکردنە، بۆ خۆی بەشێکە لە میکانیزمی سوڵتە؛ چونکە بێناو و نیشان مانەوەی قوربانییان، دەرفەتی شکڵگرتنی هاوپشتیی کۆمەڵایەتی و بەرخۆدان لاواز دەکات. شەڕ ناکرێت تەنیا لە بڕیارە سیاسی یان سەربازییەکاندا کورت بکرێتەوە. لە کۆتاییدا شەڕ درێژەی سیاسەتە بە ئامرازی دیکە؛ سیاسەتێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە ململانێ مادییەکان و بەرژەوەندییە چینایەتییەکاندا هەیە. لە ناوچەیەکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە سەرچاوەکانی وزە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە ئابووریی جیهانیدا هەیە، ئەم ململانێیانە بە شێوەیەکی سەختتر و توندوتیژتر سەرهەڵدەدەن. هێرشکردنە سەر عەسەلوویە دەبێت لە چوارچێوەی کێبڕکێی کۆنترۆڵکردنی ئەم سەرچاوانە و ڕێڕەوەکانی گواستنەوەیاندا لێک بدرێتەوە

لەم نێوەندەدا، چینی کرێکار لە دۆخێکی دژبەیەک و ناکۆکدایە. لە لایەکەوە، بەرهەمهێنان و مانەوەی ئەم سیستەمە وابەستەی هێزی کاری ئەوە؛ لە لایەکی دیکەوە، ئەو هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر چارەنووسی خۆی و بەرهەمی کارەکەیدا نییە. لە کاتی شەڕدا، ئەم ناکۆکییە دەگاتە لوتکە: ئەو کرێکارانەی لە بارودۆخێکی تاقەتپڕووکێندا بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی وزە، خۆیان دەبنە یەکەمین قوربانیی هێرشەکان. ئەم بارودۆخە، بە ڕوونی دەریدەخات کە ڕزگاریی ڕاستەقینە گرێ دراوە بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا

هێرشکردنە سەر عەسەلوویە، هەرچەندە لە ڕواڵەتدا ڕووداوێکی دیاریکراو و سنووردارە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاوێنەیەکە کە تەواوی نەزمی بەرقەرار لەخۆیدا نیشان دەدات؛ نەزمێک کە تێیدا مرۆڤەکان دەبنە قوربانیی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و سەرمایە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەک چۆن ئەزموونی مانگرتنەکان و پەیوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانەوە نیشانی داوە، هەر ئەم چینی کرێکارە دەتوانێت ببێتە ئەو هێزەی کە نەک هەر لە دژی شەڕ و وێرانکاری دەوەستێتەوە، بەڵکوو ئاسۆی نەزمێکی نوێش دەخاتە ڕوو؛ نەزمێک کە تێیدا ژیانی مرۆڤ و کەرامەتی ئەو، لە سەرووی هەر جۆرە تێڕوانینێکی قازانجپەرستانە و دەسەڵاتخوازانەوە بێت

❋❋❋



# پێویستیی پەرەپێدانی بزووتنەوەی جیهانی دژی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانە

لە حاڵێکدا مانگێک بەسەر هەڵگیرسانی شەڕی تاوانکارانەی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت، ئەم شەڕە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە باری ڕەهەندەکانی وێرانی و خەسار و زیانە گیانی و ماڵییەکانەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێچووی قورستر دەبێت. هەنگاو و پروپاگەندەکانی هەردوو جەمسەری شەڕەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە نەک هەر هیچ ئاسۆیەک بۆ کۆتاییهاتنی دیار نییە، بەڵکوو پانتاییەکەی بەرفراوانتر و مەترسیدارتر دەبێتەوە. لە شەپۆلی نوێی بۆردومانەکاندا، ئەمریکا و ئیسرائیل نەک هەر ناوەند و دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی ڕژێم، بەڵکوو ژێرخانە ئابوورییەکان، خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ماڵ و حاڵی خەڵکیشیان کردووەتە ئامانج

ئێوارەی یەکشەممە ٩ی خاکەلێوە، سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند کە پاش حەوت جار مووشەکبارانکردن لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە درێژایی ڕۆژەکەدا، شەپۆلێکی دیکەی هێرشەکانی بۆ سەر تاران و شارەکانی دیکەی ئێران دەست پێکردووە. چەند کاتژمێرێک دواتر، دەنگی ساماناکی بۆردومانی دامەزراوە پیشەسازییەکانی کارەبا لە تاران و پارێزگاکانی مەرکەزی و ئەلبورز بیسترا وبەرقی ئەو شارانە پچڕا. ئەمە لە کاتێکدایە کە هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پیشەسازییە ناوکییەکان لە باشووری ئیسرائیل، بووەتە هۆی ئاگرکەوتنەوە و دڵەڕاوکێ سەبارەت بە ئەگەری دزەکردنی گازە ژەهراوییەکان لە نێو خەڵکدا

ئەگەر دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل بە ئامانجی ئیمپریالیستی و بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر سەرچاوەکانی نەوت و گازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوە ئاوییە ستراتیژییەکان و دارشتنی نەزمێکی ناوچەیی بە دڵی خۆیان، ئەم شەڕەیان هەڵگیرساندووە، ئەوا لە لایەکی دیکەشەوە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری سیاسەتی دەستێوەردان و پاوانخوازانە و پشتبەستن بە پرۆژە ناوکییەکان و پێکهێنان و پشتیوانیکردن لە گرووپە تیرۆریستییە ئیسلامییە گرێدراوەکانی خۆی لە وڵاتانی ناوچەکەدا، زەمینە و بەستێنی بەرپابوونی شەڕێکی وەهای لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا خۆش کردووە

دەرەنجام و لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتانە، لەوانە گەمارۆ ئەوپەڕییەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەورووپی و نەتەوە یەکگرتووەکان، قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕژێمیان زیاتر لە جاران قووڵتر کردووەتەوە. دووکەڵی ئەم شەڕە تاوانکارانەیە لە پلەی یەکەمدا دەچێتە چاوی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی دیکەی ئێرانەوە و ژیان و بژێوی و تەنانەت گیانیشیانی خستووەتە مەترسییەوە. ناوەندی ئاماری ڕژێم لە ڕاپۆرتی ئەم دواییەی خۆیدا، ڕێژەی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵی کەرەستە خۆراکییەکانی مانگی ڕەشەممەی ڕابردووی بەراورد بە ڕەشەممەی ساڵی ١٤٠٣، بە ٧١.٨٪ خەمڵاندووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە لە بارودۆخی هەژاری و بێکاریدا، تێچووی ژیان بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بە تێکڕا زیاتر لە ٧٠٪ بەرز بووەتەوە

لە وەها هەلومەرجێکدا، دەوڵەتی ترامپیش بە سیاسەتی "گۆپاڵ و گێزەر" (هەڕەشە و هاندان)، بارودۆخی بژێوی و دەروونی خەڵکی بێگومان سەختتر کردووە. ترامپی درۆزن لە لایەکەوە باس لە دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم دەکات؛ ژمارەی دانوستانکاران زیاد دەکات؛ لافی بەرەوپێشچوونی گفتوگۆکان لێدەدات و تاریفی سەرپاسداری دز و تاوانکار، قالیباف دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە فەرمان دەدات کە چوارەمین کەشتی جەنگی ئەمریکا بە کەرەستەی تەواو و فڕۆکەی دژەڕادار و لۆجستیک و هەزاران تفەنگداری دەریایی "مارینز" لە ژاپۆنەوە بەرەو ناوچەی کەنداو بکەونە ڕێ. فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکا "سێنتکام"، ڕۆژی هەینی ٧ی خاکەلێوە ڕایگەیاند کە کەشتی "یو ئێس ئێس تریپۆلی"ی ئەمریکا، گەیشتووەتە ناوچەی کەنداو

کۆبوونەوەیەکی ئاوەهای هێزی سەربازی ئەمریکا، بەتایبەتی بە بوونی تفەنگدارانی دەریایی "مارینز"ەوە، ئەگەری هێرشی زەمینی بۆ سەر ئێران بەتایبەتی لە کەنداوی فارس و دەریای عومان و داگیرکردنی دوورگەی خارک و ناوچەکانی دیکە، لەژێر بیانووی دابینکردنی ئاسایشی هاتوچۆی کەشتییە نەوتییەکان یان هەر ئۆپەراسیۆنێکی دیکەی سەربازی لە ئێراندا، زیاتر کردووە. لەم پەیوەندییەدا، لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا جگە لە بنکە سەربازییەکانی ڕژێم لە خارک کە گرنگترین و بەرفراوانترین دامەزراوە نەوتییەکانی ئێرانی لێیە، ناوەند و کارگە پیشەسازییەکانیش، لەوانە کارگەکانی پۆڵای ئەسفەهان و خوزستان، لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە بە توندی بۆردومان کراون. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە تویژێک لە سەرکردایەتییە سیاسی و سەربازییەکەی خۆی لەم شەڕانەدا لەدەست داوە، هێشتاش دەهۆڵی شەڕ لێدەدات

ڕۆژی یەکشەممە ٩ی خاکەلێوە و لە سیهەمین ڕۆژی شەڕدا، قالیباف بە ئاماژەدان بە چڕبوونەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بە لاف لێدانێکی پووچەڵەوە ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی براوەی شەڕەکەیە و تا گەیشتن بە لوتکە درێژە بە شەڕ دەدەن و ئامادەی وەڵامدانەوەی هێرشە زەمینییەکانی ئەمریکاشن. ئەم هەڕەشە و گورەشانە لە هەلومەرجێکدا دووپات دەبنەوە کە بنکە سەربازی، ئینتزامی و ژێرخانە پیشەسازییەکانی ئێران بەهۆی بۆردومانە بەردەوامەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە و بەشێکی گەورە لە ناوەندە مووشەکی، ناوکی و چەک و تەقەمەنییەکانی ڕژێمیش وێران کراون

گەلاڵە ١٥ خاڵییە زەلیلکەرەکەی ترامپیش بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ، کە لە ڕاستیدا هەر هەمان داواکارییە پێشووەکانی ئەمریکا و زلهێزە ئیمپریالیستەکانی دیکەی ڕۆژئاوایە سەبارەت بە دەستنەراگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی، کەمکردنەوەی ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم، کەمکردنەوەی مەودای مووشەکەکان و دەستهەڵگرتن لە پشتیوانیکردنی هێزە تیرۆریستە ئیسلامییە گرێدراوەکانی ڕژێم، بە ڕواڵەت لەلایەن ڕژێمی ئیسلامییەوە ڕەت کراوەتەوە. کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی پاکستان وەک دەوڵەتی ناوبژیوان و میسر و عەرەبستانی سعوودی و تورکیاش لە ڕۆژی یەکشەممە ٩ی خاکەلێوەدا، بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و تاوتوێکردنی نیگەرانییەکان سەبارەت بە دابینکردنی ئاسایشی دەریایی بە مەبەستی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت و گاز، بێ هیچ ئاکامێکی بەرچاو کۆتایی هات

لە لایەکی دیکەوە، دەوڵەتی ترامپ کە بەرەورووی قەیرانگەلێکی زۆری ناوخۆیی بووەتەوە، بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لەژێر گوشاری ڕوو لە هەڵکشانی ناوخۆیی و دەرەکیدایە. ڕۆژی شەممە ٨ی خاکەلێوە و لە سێیەمین خولی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان دژی سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی ترامپ، لە ٥٠ ویلایەتی ئەمریکا ملیۆنان کەس لە خەڵکی ناڕازی بە شەڕ، بە دروشمی "نەخێر بۆ پاشایەتی"ی ترامپ، دژی سیاسەتەکانی ناوبراو دەستیان دایە خۆپیشاندان. زیاتر لە ٨ ملیۆن کەس لە نیویۆرک و شارە گەورەکانی دیکەی ئەمریکا لەم ناڕەزایەتییانەدا، ترامپیان بە "هەڕەشە بۆ سەر ئازادی و ئاسایشی" خۆیان زانی. لە شاری لەندەنیش خۆپیشاندانێکی چەند سەد هەزار کەسی دژی شەڕ بەڕێوە چوو. لە زۆرێک لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپاش، خەڵکی ناڕازی بە شەڕ دژی شەڕخوازییەکانی دەوڵەتی ترامپ ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە پەرەپێدان و بەردەوامبوونی بزووتنەوەی دژەشەڕ لە ئاستی جیهانیدا، کاریگەرترین ڕێگایە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانە، و پێویستە ئەم بزووتنەوەیە بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام درێژەی هەبێت

***



# شەڕی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەرەو کام لا دەڕوات؟

زیاتر لە سێ هەفتە بەسەر دەستپێکی شەڕی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە تێدەپەڕێت. بە تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێک، کاریگەرییە وێرانکەرەکانی ئەم شەڕە لەسەر کار، ژیان، بژێوی و ئاسایشی جەماوەر زیاتر دەردەکەون. لە ڕەوتی هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر هەزاران ئامانج لە ئێران، جگە لە ناوەندە سەربازی و حکومییەکان، قوتابخانە، نەخۆشخانە، کۆگاکانی وزە، گەڕەکە نیشتەجێبوونەکان و ئەو ژێرخانانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی خەڵک هەیە، بۆردومان کراون. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا تا ئێستا



لە ئێران و لوبنان هەزاران کەس کوژراو و بریندار بوون و ملیۆنان کەسیش ئاوارە بوون. هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامیش بۆ سەر شارەکانی ئیسرائیل سەدان کوژراو و برینداری لێ کەوتووەتەوە

کۆماری ئیسلامی کە لە بەرامبەر باڵادەستی ئاشکرای هێزی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیلدا وەستاوەتەوە، پەنای بردووەتە بەر تاکتیکی شەڕی ناهاوسەنگ (نامتقارن) و لە بەرامبەردا، جگە لە ئیسرائیل و بنکەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ناوچەی کەنداو، دامەزراوەکانی نەوت و گاز و ئەو کەشتییانەی هەڵگری نەوت و کاڵا بازرگانییەکانن کردووەتە ئامانجی هێرشی مووشەکی و درۆنی. گەرووی هورمزی داخستووە کە لەسەدا ٢٠ی نەوت و گازی پێویستی جیهانی پێدا تێدەپەڕێت، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە تێچووی ئابووریی شەڕەکە بۆ ئەمریکا بەرز بکاتەوە و بیکاتە ئامرازێکی گوشاری سیاسی لەسەر ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕەکە

ئەم شەڕە لە کاتێکدا پەرەی سەندووە و بووەتە شەڕێکی ناوچەیی بە دەرهاویشتەی جیهانییەوە، کە هێشتا هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ کۆتاییهاتنی لە ئارادا نییە. یەکێک لە هۆکارەکانی نارۆونی لە چارەنووسی ئەم شەڕەدا ئەوەیە کە دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکا کە هەڵگیرسێنەری شەڕەکەن، تێڕوانینێکی یەکگرتوویان بۆ واتای سەرکەوتنی سیاسی لەم شەڕەدا نییە. ئامانجی دەوڵەتی ئیسرائیل لەم شەڕەدا ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە و دەیەوێت بەو دەرفەتەی کە بەهۆی هاودەنگی ئەمریکاوە بۆی ڕەخساوە، ئێران بکاتە وێرانەیەکی وەک سووریا، بەڵام ڕوونە کە لە شیکاری کۆتاییدا پەیڕەوی لە ئەمریکا دەکات. ترامپ بەردەوام لێدوانی دژبەیەک دەدات. ڕۆژێک ڕاگەیەندراوی کۆشکی سپی «لەناوبردنی مووشەکەکانی ڕژیمی ئێران»، «تێکشکاندنی هێزی دەریاییەکەی» و «داماڵینی توانای ناوکیی ڕژیم» وەک ئامانجەکانی شەڕ ڕادەگەیەنێت. ڕۆژێکی دیکە باس لە لەناوبردنی ڕژیم دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کەس نەماوە دانوستانی لەگەڵدا بکات. لەم دواییانەشدا ڕایگەیاندووە کە: «ئەمریکا و ئێران لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا گفتوگۆی زۆر باش و بنیاتنەریان لەسەر ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە و هێرش بۆ سەر وێستگەکانی وزە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ دواخراوە». کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ گفتوگۆیەک لە ئارادا نەبووە. خودی ئەم پەیامە دژبەیەکانە و درۆسازییانە لە پاڵ پڕوپاگەندە و هەراوهوریای شەڕی دەروونیدا، دەریدەخەن کە هیچ جۆرە شەفافییەتێک سەبارەت بە ڕەوتی ڕاستەقینەی پێشهاتەکان بوونی نییە

بەڵام دوای سەرۆککۆمار-ڕفاندنەکەی ترامپ لە ڤەنزوێلا و لە پشت ئەم قسە دژبەیەکانەوە، ئەوەی ڕوونە ئەم ڕاستییەیە: هێرش بۆ سەر ئێران کە بڕیار بوو یەکلاکەرەوەبوونی هێزی سەربازی ئەمریکا و زلهێزی ترامپ لە ئاستی جیهاندا جێگیر بکات، لە کرداردا لاوازی و سنوورداربوونی هێزەکەی ئەمریکای زیاتر دەرخست. ئەم شەڕە سەرلێشێواویی ستراتیژیی دەوڵەتی ترامپ نیشان دەدات. بازنەی بڕیاردەران لە کۆشکی سپی بۆ کوشتنی خامنەیی کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەیان پێش خست، چونکە وایان دەخەمڵاند بە کوشتنی خامنەیی پێکهاتەی حکومەتی ئیسلامی هەرەس دەهێنێت، یان دەستبەجێ باڵێک یان مۆرەگەلێک لەناو پێکهاتەی دەسەڵاتدا باڵادەست دەبن کە هەم زەرفییەتی تەسلیمبوون بە مەرجەکانی ئەمریکایان دەبێت و هەم توانای کۆنترۆڵکردنی باروودۆخەکەیان هەیە. ئەم هەڵسەنگاندنە هەڵە دەرچوو. ئەمە تەنیا هەڵەیەک نییە لە حیساباتدا، بەڵکو دەلالەت لە سەرلێشێواوییەکی ستراتیژی دەکات. قابلی تەسەور نییە کە چۆن شەڕێک بەم قەبارەیە و بەم تێچووە قورسەوە دەست پێدەکەن، کەچی سەرەڕای ئەم هەموو داتایانە هیچ زانیارییەکیان لەسەر پێکهاتەی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران نییە. یان لە کاتێکدا بۆ هەمووان پێشبینیکراو بوو کە کۆماری ئیسلامی شەڕەکە دەکاتە شەڕێکی ناوچەیی و بۆ چاودێرانی سیاسی ڕوون بوو کە لە بەرامبەر هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیلدا پەنا دەباتە بەر تاکتیکی شەڕی ناهاوسەنگ، بەڵام ئەمریکا بە داخرانی گەرووی هورمز تووشی شۆک دەبێت و لە میانەی شەڕدا بۆ کردنەوەی گەرووەکە پەنا دەباتە بەر ناتۆ

ئێستا کە ترامپ هەواڵی گفتوگۆی باش و بنیاتنەر دەدات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە ناوخۆ و دەرەوە کەوتووەتە ژێر گوشارەوە و بۆ هێورکردنەوەی بازاڕی نەوت و گازیش پێویستی بە بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە پشتڕاستنەکراوانە هەیە. هەر ڕۆژێک کە کۆماری ئیسلامی توانیبێتی بە سنووردارکردنی لێشاوی نەوت و گاز لە گەرووی هورمزەوە کاریگەری بخاتە سەر ئابووریی جیهان، ئەمریکا هەم دۆلار لەدەست دەدات و هەمیش متمانە و هەژموونەکەی زیاتر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. هەر ڕۆژێک کە کۆماری ئیسلامی توانیبێتی وڵاتانی ناوچەی کەنداو بکاتە ئامانج، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە ئامادەیی سەربازیی ئەمریکا لەم وڵاتانەدا مەرج نییە گەرەنتیی ئاسایش بێت و دەتوانێت سەرچاوەی ناسەقامگیری بێت

لە کاتێکدا واتای سەرکەوتن لەم شەڕەدا هێشتا بۆ ئەمریکا لەناو تەمومژدایە، بەڵام بۆ کۆماری ئیسلامی واتای سەرکەوتنی سیاسی لەم شەڕەدا، پاراستن و مانەوەی نیزامی ئیسلامییە؛ تەنانەت ئەگەر بە بەهای کوشتار، وێرانکاری و ئاوارەیی چەندین بەرابەر بێت. بۆ کۆماری ئیسلامی، ئەم شەڕە مان و نەمانە

ئەم شەڕە و ڕەوتی پێشهاتەکان بەرەو کوێ دەچن؟ لە کاتێکدا ترامپ هەم لە لایەن هاوپەیمانەکانییەوە لە ئاستی جیهان و ناوچەکە و هەم لە ناوخۆی ئەمریکاش کەوتووەتە ژێر گوشارەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئاسۆی کۆتاییهاتنی شەڕ و کۆتاییهێنان بە قەیرانی وزە و شڵەژانی بازاڕەکان، ئێستا یان دەبێت کوشتنی خامنەیی و چینێک لە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو گورزانەی تا ئێستا بەر ناوەندە سەربازی و ناوکییەکان، بنکە مووشەکییەکان و هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامی کەوتوون وەک سەرکەوتن لە شەڕدا ڕابگەیەنێت و زەمینەسازی بۆ ئاگربەست و کۆتایی شەڕ بکات، یان بە بەردەوامی و چڕکردنەوەی بۆردومانەکان و گوشاری سەربازی، بەدوای وەرگرتنی باج و ئیمتیازی زیاترەوە بێت

بۆ نموونە، لە بەرامبەر هەڵگرتنی سزاکاندا، گوشار بخاتە سەر حکومەتی ئیسلامی بۆ بردنەدەرەوەی ٤٥٠ کیلۆگرام یۆرانیۆمی پیتێنراوی سەرووی ٦٠٪ لە ئێران و ڕادەستکردنی بە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی، داخستنی یەکجاریی دامەزراوە و پڕۆژە ئەتۆمییەکان، سنووردارکردنی مەودای مووشەکە بالیستیکییەکان و ...هتد، هەروەها دابینکردنی گەرەنتیی ئاسایشی هاتوچۆی کەشتییەکان لە گەرووی هورمزدا. لە ئەگەری ڕازی نەبوونی کۆماری ئیسلامی بەم مەرجانە، دوور نییە کە تەنانەت پلانی دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنی دوورگەی خارکیشی هەبێت، یان لانی کەم هەڕەشەی بارمتەگرتنی ئەم ناوەندە سەرەکییەی هەناردەی نەوتی ئێران وەک ئامرازێکی گوشار لەسەر مێزی دانوستانەکان دابنێت تاوەکو مەرجەکانی خۆی بەتەواوی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنێت. بێگومان ئەم هەنگاوە ئەگەرییە هەرچەندە لە ڕووی سەربازییەوە دەستبەرە، بەڵام مەترسی درێژخایەنکردنی شەڕەکە، سەختی پاراستنی و زیادبوونی زیانە گیانییەکانی هێزەکانی ئەمریکای لێ دەکەوێتەوە. سەرەڕای ئەمەش، نابێت ئەگەری هێرش بۆ سەر خارک بە کەم دابنرێت، چونکە سەبارەت بە ترامپیش دەبێت کردارەکانی، نەک بانگەشە دژبەیەکەکانی، بکرێنە بنەمای حوکمدان و شیکاری. ئەو لە کاتێکدا باس لە دانوستانی باش و بنیاتنەر لەگەڵ «دانوستانکاری بەڕێزی ئێرانی» دەکات، هاوکات هەزاران مارینز (هێزی دەریایی) ڕەوانەی ناوچەکە کردووە. ناردنی ئەم هەزاران سەربازە

لەگەڵ بانگەشەی «گفتوگۆی باش و قووڵ و بنیاتنەر لەگەڵ لایەنی ئێرانی»دا یەک ناگرێتەوە

ئەم ئاڵۆزییانە و نەبوونی شەفافیەت لە ڕەوتی پێشهاتەکاندا، لەسەر بەستێنی درێژەی ئەم شەڕە وێرانکەرە و بۆردومانی بەردەوام، پێمان نیشان دەدات کە چینی کرێکار و جەماوەری ئێران و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان کە پێش شەڕ لەژێر مەنگەنەی چڕبوونەوەی سەرکوت و هەژاری و فەلاکەتدا بوون، ئێستا لە چ پێگەیەکدان. شەڕ جگە لە کوشتار، وێرانکاری و ئاوارەیی، هەم سەرکوتی چڕتر کردووەتەوە و هەم بێکاری، گرانی و هەژاری و نەهامەتی ئابووریی زیاتر پەرە پێداوە. کۆماری ئیسلامی هەروەک چۆن پێشتر خۆی بۆ ناوچەییکردنی شەڕەکە ئامادە کردبوو، بە هەمان شێوە خۆی بۆ توندکردنەوەی سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لە سەردەمی شەڕدا ئامادە کردووە. ڕژیم بە بەرنامەدارشتن بۆ نمایشی ڕۆژانەی هێزەکانی بەسیج و بەکرێگیراوەکانی خۆی لە شەقامەکانی شارە گەورەکاندا، دانانی بازگەی پشکنینی زۆر لە شارەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵک، بەردەوامی ڕەشبگیرییەکان، درێژەدان بە ئێعدام بە بیانووی سیخوڕی بۆ دوژمن... کەشوهەوایەکی توندی ئەمنی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە. ڕاپۆرتە مەیدانییەکان باس لە پچڕانی ئینتەرنێت، تەشەنەسەندنی بێکاری، گرانی و بەتایبەتی کەمبوونی و گرانبوونی دەرمان لەم دۆخە جەنگییەدا دەکەن. ئەم شەڕە، هەروەک پێشبینی دەکرا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی پەراوێز خستووە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چووەتە ژێر خۆڵەمێشی ئەم شەڕە، بەڵام نەکوژاوەتەوە. ئەم ڕاستییە سادانە بەڕوونی بێئەخلاقی سیاسی و هەڵوێستی نامرۆڤانەی بەرگریکارانی هێرشی سەربازی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ئیسرائیل، و هەروەها ماهییەتی کۆنەپەرستانەی هەڵوێستی چەپی میحوەر موقاوەمەتی کە شەڕانگێزی کۆماری ئیسلامی وەک بەشێک لە بەرخۆدان لە دژی هەژموونی سەرمایە و ئیمپریالیزم پێناسە دەکەن، ئاشکرا و شەرمەزار دەکات. لە وەها هەلومەرجێکدا، بێگومان ماهییەتی ستراتیژی سیاسی و ئەرکی سۆسیالیستەکان کە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکان و پەرەپێدانی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، بەڵکو تەنیا هەلومەرجی پێشخستنی ئەم ستراتێژییە گۆڕاوە

لە ئێستادا و تەنیا وەک نموونە دوو بۆ سێ ئەرکی هەنووکەیی دەخەینە ڕوو

یەکەم: ئەم دۆخە جەنگییە لە چالاکانی سۆسیالیست و پێشەنگەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت گەنجانی گەڕەکەکان دەخوازێت کە لە هاوکاریکردنی یەکتردا لە ڕێگەی پێکهێنانی کۆمیتەی گەڕەکەکان، فراوانکردنی تۆڕەکانی پەیوەندی، دروستکردنی کۆمیتەکانی هەرەوەزی، پێکهێنانی تیمەکانی فریاگوزاری و ناوەندە جەماوەرییەکان لە گەڕەکەکاندا، هەوڵ بدەن بۆ پەتەوکردنی هاوپشتی لەنێوان جەماوەردا و کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی ئەم شەڕە وێرانکەرە لەسەر ئاسایش و ژیان و بژێوییان. لەم باروودۆخە سەختەی شەڕدا، پاراستن و پەرەپێدانی هێزی هاوپشتی و پەتەوکردنی لەناو خەڵکدا و زیندوو ڕاگرتنی هیوای گۆڕانکاری، ڕەمزی تێپەڕبوونە لە قۆناغی ئێستا

دووەم: ئەرکێکی تری ئێستای هێزە سۆسیالیستەکان لە دەرەوەی وڵات، وێڕای ڕۆشنگەری سەبارەت بە ماهییەتی ڕاستەقینەی هەڵوێستی شەڕخوازانەی سەڵتەنەتتەڵەبەکان و بەشە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازیی ئێران بەرامبەر بەم شەڕە کۆنەپەرستانە و وێرانکەرە، هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوە و ڕێپێوانی نارەزایەتی گەورە لەژێر دروشمی «نا بۆ شەڕ، نا بۆ کۆماری ئیسلامی» بە هاوپشتی لەگەڵ هێزی چەپ و ئازادیخواز و بەرابەریتەڵەب لەم وڵاتانە و بەهێزکردنی بزووتنەوەی دژە شەڕە

سێیەم: هەوڵدانە بۆ پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری لە ناوخۆی ئێراندا لە ڕێگەی پێکەوەگرێدان و پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکان، ناوەندەکان، چالاکوانان و ڕێبەرانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ...هتد، کە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ کانوونەکانی نارەزایەتی و خەباتدا هەیە. هەروەها بەدامەزراوەییکردنی ئەم پەیوەندییانە بۆ زەمینەسازی لەپێناو هەڵگیرسانی مانگرتنی گشتیی سیاسی بە خواستی دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕ و ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی. تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی هەر ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەیە کە دەتوانرێت فاشیزمی کۆماری ئیسلامی و سەڵتەنەتتەڵەبە فاشیستەکان تێکبشکێنرێت

***

# بە یادی گیانبەختکردووانی تیمی پزیشکی ڕەوانەکراو لە سنەوە بۆ تورکمەن سەحرا، بژی هاوپشتی خەباتکارانەی خەڵکی ستەملێکراوی ئێران

ڕۆژی ٩ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، ٩ کەس لە کەسایەتییە خۆشەویست و ناسراوەکانی شاری سنە، ٩ چالاک و تێکۆشەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ٩ خەباتکاری کۆمۆنیست و ئینساندۆست هاوڕێیان: فایزە قوتبی، گوڵڕیز قوبادی، فەریدە زەکەریایی، جەمیل زەکەریایی، جەمیل سەجادی، ئیسماعیل عەلی پەنا، ڕەئوف کەمانگەر، ئەسعەد وەزیری و فەتحوڵڵا لوتفوڵڵا نەژادیان گیانی خۆیان لەڕێگای




ئامانج و ئارمانە ئینسانییەکانیان فیدا کرد. ٩ی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ بۆ خەڵکی کوردستان، بەتایبەت بۆ خەڵکی تێکۆشەری سنەی سوور، وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژانی غەم و لە هەمانکاتدا وەبیرهێنەرەوەی هاوپشتیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە لەگەڵ خەباتی باقی ستەملێکراوانی هاوچارەنووسیان لە شوێنەکانی تر

سەرەتاکانی بەهاری ساڵی ١٣٥٨ کە ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی ئێران بارگە و بنەی دیکتاتۆری و ستەمی ڕژیمی پەهلەوی تێکەوپێچابوو، لە باروودۆخێکدا کە هێشتا دوو مانگ لە هاتنە سەر کاری ڕژیمی ئیسلامی تێپەڕ نەبووبوو و لە هەلومەرجێکدا کە هێشتا گوڕوتینی شۆڕش و جۆش و خرۆشی خەڵکی شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیوی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانج و داخوازییە وەدینەهاتووەکانیان لە ئارادابوو، خەڵکی ستەملێکراو و مافخوازی تورکمەن سەحرا لەڕێگەی ڕێکخستنی شوراکانیانەوە بەرانبەر بە ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو دەستیان دایە موقاوەمەت و بەرەنگاربوونەوە و خەبات. بەڵام ڕژیمی ئیسلامی کە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنییەوە سوور بوو لەسەر سەرکوتکردنی شۆڕش و خەڵکی ئازادیخواز و ڕاپەڕیوی ئێران، سەرەتا بەپێی پیلانێکی جەنایەتکارانە و خوێناوی چوار کەس لە ڕێبەرانی خەباتی خەڵکی تورکمەن سەحرای بە ناوەکانی (شیر محەممەد درەخشەندە ناسراو بە توماج، عەبدولکەریم مەختوم، حسێن جرجانی و محەممەد واحدی)ی کوشت و پاشان هێرشی کردە سەر تورکمەن سەحرا و بەوپەڕی وەحشیگەرییەوە دەستی کرد بە سەرکوتی خەڵکی ئازادیخواز و دەستکەوتەکانیان. خەڵکی خەباتکار و مافخوازی تورکمەن سەحرا بەرانبەر بەم هێرشە و بۆ دیفاع لە ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆیان دەستیان دایە موقاوەمەت و خۆڕاگری

لە هەمان حاڵدا لە کوردستانیش موقاوەمەتێکی بەرین و جەماوەری بەرانبەر بە داگیرکاریی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەئارادابوو و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەشەی دەکرد و ڕادیکاڵتر و سازماندراوتر دەبووەوە. کۆمەڵە کە خەباتی خەڵکی بێبەش و ستەمدیدەی تورکمەن سەحرای بە عادڵانە و ڕەوا دەزانی، یارمەتی و پشتیوانی لەم حەرەکەتە مافخوازانەیەی بە ئەرکی خۆی زانی و هاوپشتیی لێبڕاوانە و کردەوەیی خۆی لەوەدا بینی کە دەستبەجێ یارمەتییان بدات. لە وڵام بەم وەها زەروورەتێک، کۆمەڵە بەیارمەتی و پشتیوانی بێدەریغی خەڵک لە کەمترین کاتدا بە پێکهێنانی تیمێکی پزیشکی نۆ کەسی و بە دابینکردنی دەرمان و ئیمکاناتی پێویست لەم بوارەدا، کاروانێکی یارمەتی خەڵکی شاری سنەی بۆ خەڵکی تورکمەن سەحرا سازماندا و ڕەوانەی ئەم ناوچەیەی کرد

ئەم تیمە پزشکییە کە بە گوڕوتینی شۆڕشگێڕانەوە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی بێبەش و جەماوەری خەباتکار و مافخوازی تورکمەن سەحرا دژبە کۆنەپەرستی و دیکتاتۆریی ئیسلامی کەوتبووە ڕێ، بەداخەوە نەگەیشتە شوێنی مەبەست و لە ڕێگادا بەهۆی کارەساتێکی هاتوچۆوە هەموو هاوڕێیان گیانیان بەختکرد. تەرمی ئەم ئازیزانە لەناو غەم و پەژارەی بەرینی خەڵکی شاری سنە و ناوچەکانی دەوروبەر و بە بەشداری دەیان هەزار کەس لە جەماوەری خەڵکی کوردستان

بە خاک سپێردرا. بەڵام هیچکات یادو بیرەوەرییان لەبیر نەکرا

ئەوانەی کە لە نزیکەوە ئەم هاوڕێیانەیان دەناسی، دەزانن کە مەرگی ئەم ئازیزانە لەو سەردەمەدا و لە ڕۆژ و مانگەکانی سەرەتای شکڵگرتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و لەو قۆناغە هەستیارەدا چ غەمێکی ناخهەژێن و چ خەسارێکی گەورە بوو. زۆرێک لە خەڵکی شاری سنە و ئاوایەکانی دەوروبەر ئەم ئازیزانەیان دەناسی. هەرکامیان لەبواری کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە چالاکییان دەکرد. ئەوان کرێکار، موعەلیم، فەرهەنگی و پزیشک بوون. خەڵکی شار و دێ لەگەڵ سیمای خۆشەویستیان لەگەڵ زەحمەتی شەوورۆژیان و لەگەڵ دڵسۆزیی بێ چاوەڕوانییان ئاشنابوون. ئەوان ئەو مرۆڤە دەردئاشنایانە بوون کە ژیانیان بۆ ڕزگاری ئینسان لە ستەم و چەوسانەوە تەرخانکردبوو و هەر بەم ئەنگیزەشەوە چووبوونە ناو ئەم تیمەوە. ئەوان خزمەت بە ستەملێکراوان و بێبەشانیان لەماوەی ژیانی خەباتکارانەیاندا تەجروبە کردبوو و هەربۆیە وجوود و حزووریان لە هەموو شوێنێک کاریگەر بوو. ئەوان ئەمجارەیان ویستبوویان بۆ خزمەت بە خەباتێکی مافخوازانەی دیکە لە گۆشەیەکی تری ئەم گۆی زەوییە دەرکەون و خۆبەخشانە ئەم مەئموورییەتەیان هەڵبژاردبوو

ئەم مرۆڤە شۆڕشگێڕ و فیداکارانە زۆر لەوەیکە هەتا ئەوکات نیشانیان دابوو، زەرفیەت و توانای خەباتکارییان بوو. بەداخەوە هەڵسووڕان و فیداکارییان زۆری نەخایاند کە بتوانن لەسەر ڕەوتی خەباتی جەماوەری ناڕازی دژبە دەسەڵاتی ئیسلامی زیاتر کاریگەر بن. ئەگەرچی ئەوان زۆر زوو گیانیان بەختکرد، بەڵام مەرگیان دەرسێکی گەورەی لە هاوپشتی و وەفاداری بە ئارمانی یەکسانیخوازی و ئینساندۆستی بەجێ هێشت و ناویان بۆ هەمیشە لە مێژووی خەباتی کۆمۆنیستەکان و خەڵکی ستەمدیدە و مافخوازی کوردستاندا دەمێنێتەوە

ئەم ئازیزانە لە پێناو یارمەتیدان و پتەوکردنی هاوپشتی لەگەڵ گەلانی چەوساوەی دیکەی ئێران و بە بەخشینی گیانی خۆیان، لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لە شانازییان بۆ مێژووی بەرخۆدان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامیدا تۆمار کرد. با ڕێگە نەدەین هەندێک ڕەوت بە کەڵک وەرگرتن لە ناوی "کۆمەڵە" و بە ناوی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستانەوە، لە ڕێگەی دەربڕینی ئامادەییان بۆ بوون بە پاشکۆ و سەربازی پیادەی پڕۆژە ئەگەرییەکانی دەوڵەتە فاشیستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، زیان بەم مێژووە پڕ لە شانازییە بگەیەنن

یاد و بیرەوەریی هاوڕێیانی ئازیز: فائیزە قوتبی، گوڵڕیز قوبادی، فەریدە زەکەریایی، جەمیل زەکەریایی، جەمیل سەجادی، ئیسماعیل عەلیپەنا، ڕەئووف کەمانگەر، ئەسعەد وەزیری و فەتحوڵڵا لوتفوڵڵانژادیان، هەمیشە لە دڵی خەڵکی تێکۆشەر و جەماوەری چەوساوە و مافخوازی سەرانسەری ئێران و لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و مێژووی خەباتی خەڵکی تورکمەن سەحرادا زیندووە. با بە درێژەدان بە ڕێگەکەیان، یادی ئەم ئازیزانە بەرز ڕابگرین

❊❊❊

# بەردەوامی لەسێدارەدانی زیندانییان لەسەر بەستێنی هەلومەرجی شەڕ

لە کۆماری ئیسلامیدا، لەسێدارەدان بەشێکە لە لۆژیکی ناوەکی سەپاندنی دەسەڵات. ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی پێکهاتەیی بە میکانیزمە ئابووری، سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانەوە گرێ دراوە و لە خزمەت دووبارە بەرهەمهێنانەوەی سیستەمێکی کۆنەپەرستانە و نایەکساندایە. لەم چوارچێوەیەدا، لەسێدارەدان شێوازێکی نهایی سەپاندنی دەسەڵاتە؛ ئەو ساتەوەختەی کە دەسەڵاتدارێتی بڕیار لەسەر مان یان نەمانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکێک دەدات. ئەزموونی چەند دەیەی ڕابردوو سەلماندوویەتی کە مانەوەی کۆماری ئیسلامی پەیوەستە بە ئامرازەکانی سەرکوت و زەبروزەنگەوە. لەم نێوەندەشدا، لەسێدارەدان پێگەیەکی تایبەتی هەیە و دەبێتە هۆی سڕینەوەی فیزیکی ئەو کەسانەی کە یان لە پەراوێزی سیستەمی باودان، یان وەک هەڕەشە و هۆکار بۆ تێکدانی ئەو سیستەمە سەیر دەکرێن




بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە ساڵی ١٤٠٤دا زیاتر لە ٢٤٠٠ کەس، کە دووانیان منداڵ بوون، لەسێدارە دراون. لە ڕۆژانی ڕابردوو و لەم هەلومەرجە جەنگییەدا، دەزگای قەزایی ڕژێمی ئیسلامی زیندانییانی سیاسی مەهدی قاسمی، ساڵح محەممەدی و سەعید داودی - کە لە دەستبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ڕابردوو بوون و بە تۆمەتی هێرشکردنە سەر دوو پۆلیس بە چەکی سارد لە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی ١٨ی بەفرانبار و کوشتنیان حوکم درابوون - لە شاری قوم لە سێدارە دا. بەرپرسانی قەزایی ڕژێم بانگەشەی ئەوەیان کرد کە تاوانباران لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگادا دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە. بەڵام بنەماڵەی ئەو کەسانە ئەو تۆمەتانەیان ڕەت کردووەتەوە و جەختیان لەوە کردووەتەوە کە ئەو دانپێدانانە لە ژێر ئەشکەنجە و گوشاردا وەرگیراون و هیچ جۆرە ئیعتیبار و ڕەوایەتییەکی یاساییان نییە. بەپێی سەرچاوەکانی مافی مرۆڤ، تەنیا لە مانگی ڕەشەممەی ١٤٠٤ و لەسەر بەستێنی هەلومەرجی شەڕ و پەرەسەندنی سەرکوتدا، هەواڵی ٦٩ حاڵەتی لەسێدارەدان بڵاو بووەتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێک لە سێدارەدانەکانیش لە بێدەنگی میدیاییدا جێبەجێ دەکرێن

ئەم لەسێدارەدانانە کە بە شێوەی مامناوەند زیاتر لە شەش حاڵەتە لە ڕۆژێکدا، نیشانی دەدات کە ئێمە لەگەڵ ڕەوتێکی سیستماتیک و بەرنامەبۆداڕێژراو بۆ توندکردنەوەی سەرکوت بەرەوڕووین. لەم جۆرە هەلومەرجانەدا، «یاسا» زیاتر لەوەی ئامرازێک بێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێتە بەشێک لەو ئامرازە سەرکوتگەرەی کە ئەرکەکەی کۆنترۆڵکردن، جیاکردنەوە و لە کۆتاییشدا سڕینەوەی بەشێک لە حەشیمەتی کۆمەڵگایە. لە سیستەمی ئیسلامیدا، دەسەڵاتی دەوڵەت لە تێکەڵەیەک لە سەرمایەداریی ڕانتی و ئایدۆلۆژیای ئایینیدا ڕێکخراوە. لە پێکهاتەیەکی وەهادا، دەزگای قەزایی بەشێکە لە میکانیزمی پیادەکردنی دەسەڵات. لەم دەزگایەدا، لەسێدارەدان دوو کارکردی هەیە: سڕینەوەی ڕاستەوخۆ و دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە ئاستی کۆمەڵگادا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە دەبێت زیادبوونی لەسێدارەدانەکان لە گرێدراوی لەگەڵ ساتەوەختەکانی قووڵبوونەوەی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا شی بکرێتەوە. تا قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی ڕژێم قووڵتر بێتەوە، پشتبەستنی دەوڵەت بە ئامرازەکانی زەبروزەنگ زیاتر دەبێت و لەسێدارەدان دەبێتە یەکێک لە ئامرازەکانی جێگیرکردنی کاتی ئەم بارودۆخە

زیادبوونی لەسێدارەدانەکان دەبێت لەسەر زەمینەی قەیرانە کەڵەکەبووەکان، قەیرانی جەنگ، توندبوونەوەی قەیرانی ئابووری، داڕمانی ڕەوایەتی و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان شیکاری بۆ بکرێت. لەم دۆخەدا، دەوڵەت لە ئامرازەکانی دروستکردنی ڕەزامەندیدا تووشی بنبەست دەبێت و بەرەو بەکارهێنانی ئامرازە سەرکوتگەرانەکان هەنگاو دەنێت. لەسێدارەدان لەم دۆخەدا، بەشێکە لە بەڕێوەبردنی سیاسی قەیرانەکە. ئەم ئامرازە، هاوکات ئەرکی سڕینەوە و تۆقاندن لەئەستۆ دەگرێت. سەرەڕای ئەوەش، پشتبەستنی زیاتر بە توندوتیژی دەتوانێت ببێتە هۆی قووڵبوونەوەی کەلێنە چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان و لاوازبوونی زیاتری پایە لەرزۆکەکانی دەسەڵات

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان بەرە بەرە بووەتە یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکانی بەشێک لە کۆمەڵگا. ئەم داواکارییە، پێچەوانەی تێگەیشتنی باو، تەنیا لە سەردەمەکانی سەقامگیریدا نەهاتووەتە ئاراوە، بەڵکوو تەنانەت لە هەلومەرجی قووڵبوونەوەی قەیرانە ئەمنییەکان و کەشوهەوای شەڕیشدا بەردەوام بووە. پێداگری لەسەر ئەم خواستە لەم جۆرە بارودۆخانەدا، نیشاندەری ئەوەیە کە پرسی لەسێدارەدان ئیتر تەنیا لە چوارچێوەی یاساییدا قەتیس نابێت، بەڵکوو گەیشتووەتە ئاستێک لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی کە دەیبەستێتەوە بە ڕەخنەگرتن لە تەواوی میکانیزمەکانی دەسەڵاتدارێتییەوە. لەم ڕوانگەیەوە، خەبات دژی لەسێدارەدان، نەک داواکارییەکی کاتی، بەڵکوو بەشێکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ فۆرمە پێکهاتەییەکانی توندوتیژی کە بەدەر لە هەلومەرجە گۆڕاوە سیاسییەکان، بەرهەم دەهێنرێنەوە. هاوکات لەگەڵ ئەم میکانیزمانەشدا، فۆرمەکانی بەرخۆدان تەنانەت لە سەختترین

هەلومەرجەکانیشدا شکڵ دەگرن

کەمپەینی «سێشەممەکانی نا بۆ لەسێدارەدان» کە بە بەشداری زیندانییان لە زیندانە جیاوازەکاندا بەڕێوە دەچێت، نموونەیەکی بەرچاوە لەم دۆخە. گرنگی ئەم چالاکییانە لەوەدایە کە لە ناو جەرگەی فەزایەکەوە سەرهەڵدەدەن کە خۆی چەقی چڕترین سەپاندنی دەسەڵاتە. ئەم هەڵوێستە نیشانی دەدات کە تەنانەت لە دۆخی ئەوپەڕی سەرکوتیشدا، ئیمکانی دروستبوونی هاوپشتی هەیە. بەڵام ئاستی کاریگەریی ئەم بەرخۆدانانە بەستراوەتەوە بە گرێدرانیان لەگەڵ ئاستە بەرفراوانە کۆمەڵایەتییەکەوە. بەبێ ئەم گرێدانە، ئەم کەمپەین و چالاکییانە هەر لە سنووری خۆیاندا دەمێننەوە؛ بەڵام ئەگەر پەیوەست بن بە هۆشیاریی جەماوەرەوە، دەتوانن ببنە بەشێک لە تێگەیشتنی گشتی لە ئامرازەکانی دەسەڵات. کورتکردنەوەی پرسی لەسێدارەدان تەنیا بۆ ئاستی یاسایی یان ئەخلاقی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی زەمینە ماددی و چینایەتییەکان، دەبێتە هۆی سادەکردنەوەی پرسەکە. ئەم دیاردەیە لە پەیوەند لەگەڵ پێکهاتە ئابووری و سیاسییەکاندا بەرهەم دەهێنرێتەوە و بەبێ گۆڕینی ئەم پێکهاتانە، فۆرمە جیاوازەکانی بەردەوام دەبن. لەم چوارچێوەیەدا، ڕەخنەگرتن لە لەسێدارەدان پێویستی بە سەرنجدانە بەو بارودۆخەی کە هەم دەبێتە هۆی بەتاوانبارکردنی بەربڵاو و هەم ئەو کەسانە بەرهەم دەهێنێت کە دەبنە ئامانجی ئەم سزایە

لەم هەلومەرجەدا کە لەژێر بۆردومان و کوشتار و وێرانکارییەکانی شەڕێکداین کە کۆماری ئیسلامی خۆی یەکێکە لە هەڵگیرسێنەرانی، ماشێنی لەسێدارەدان لە کار نەکەوتووە. بۆیە پێویستە خواستی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی ببنە خواستی هاوبەشی بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوە پێشڕەوە نارەزایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. نارەزایەتی دەربڕین دژی لەسێدارەدان و کوشتنی بەئەنقەستی دەوڵەتی، بەدەر لەوەی کە ئەم سزایە بۆ لەناوبردنی زیندانییانی سیاسی جێبەجێ دەکرێت یان بۆ زیندانییانی ئاسایی، ئەرکی سەرشانی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە مژدەی ئاسۆی ڕزگاری دەدەن لە سبەینێی ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیدا

❊❊❊

# پەرەسەندنی سەرکوت و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ژێر سێبەری شەڕدا

لەم ڕۆژانەدا کە سێبەری شەڕێکی وێرانکەر و پەرەسەندنی ئاڵۆزییە ناوچەییەکان قورسایی خستۆتە سەر ژیانی ملیۆنان مرۆڤ، هەواڵی لەسێدارەدانی چەندین زیندانی سیاسی لە ئێران و هاوکات پەسەندکردنی سزای ئێعدام دژ بە زیندانیانی فەلەستینی، جارێکی تر ماهییەتی ڕاستەقینەی دەوڵەتە تێوەگلاوەکانی ئەم شەڕە ئاشکرا دەکات. ئەم ڕووداوانە، گوزارشتێکی چڕوپڕن لەو لۆژیکەی کە لە ناخی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا - چ لە فۆڕمی کۆماری ئیسلامی و چ لە قاڵبی دەوڵەتی ئیسرائیلدا - کار دەکات: پاراستنی نەزمی باو لە ڕێگەی سەرکوت، سڕینەوەی فیزیکی نەیاران و بەڕێوەبردنی قەیرانە سیاسییەکان لە ڕێگەی توندوتیژی ڕێکخراوەوە

ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە هەلومەرجێکدا کە بۆردومان و هێرشی مووشەکی و درۆنی بەردەوامە، نیشانەیەکی ڕوونە لە ستراتیژیی سیاسی و ئەمنییەتی دەسەڵات. مێژووی هاوچەرخی ئێران سەلماندوویەتی کە لە هەلومەرجە قەیراناوییەکاندا - لە شەڕی ئێران و عێراقەوە بگرە تا ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی دەیەی ڕابردوو - ڕژیم بە شێوەیەکی سیستماتیک پەنای بردۆتە بەر سڕینەوەی فیزیکی نەیارانی. گواستنەوەی دەیان زیندانی سیاسی بۆ ژوورە تاکەکەسییەکان، لە هەلومەرجی بۆردومان و نائارامی بەربڵاودا، نیشانەی بەرنامەداڕشتن و ئامادەکارییە بۆ پەرەپێدانی سەرکوتگەری. ژووری تاکەکەسی تەنیا ئامرازێک نییە بۆ ئەشکەنجەی دەروونی، بەڵکوو پێشەکییەکە بۆ گۆشەگیرکردن و لە هەندێک حاڵەتیشدا سڕینەوەی بێدەنگانەی زیندانییان. ئەم هەنگاوانە، بەتایبەت لەم هەلومەرجە جەنگییەدا، مەترسی کۆمەڵکوژییە شاراوەکان زیاتر دەکەن

زۆرجار شەڕ کارکردێکی دوولایەنەی هەیە: لە لایەکەوە ململانێ هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان بەرەو پێش دەبات و لە لایەکی تریشەوە دەرفەت بە دەوڵەتەکان دەدات تا بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ناوخۆ پەراوێز بخەن، سەرکوتیان بکەن، یان بەلاڕێیاندا ببەن. کۆماری ئیسلامیش هەر لەم چوارچێوەیەدا کار دەکات. میلیتاریزەکردن و توندکردنەوەی کەشی ئەمنییەتی، بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئێعدام، بەشێکن لە هەوڵەکانی ڕژیم بۆ دروستکردنی "یەکڕیزی لە سەرەوە". لە هەلومەرجێکدا کە تووڕەیی و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە خوارەوەی کۆمەڵگا و لە ژێر خۆڵەمێشی شەڕدا خەریکە کەڵەکە دەبن. لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسی لە وەها هەلومەرجێکدا، پەیامێکی ڕوون ئاراستەی کۆمەڵگا دەکات: هەرچەشنە دژایەتییەک، تەنانەت لە کاتی شەڕیشدا، ڕووبەڕووی توندترین وەڵام دەبێتەوە. ئەم سیاسەتە نەک نیشانەی هێز نییە، بەڵکوو دەربڕی ترس و تۆقانی قووڵی دەسەڵاتە لە پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و گرێخواردنیان بە قەیرانە گەورە سیاسی و ئابوورییەکانەوە

هاوکاتبوونی ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ئێران و پەسەندکردنی یاسا کۆنەپەرستانەکانی ئێعدام دژ بە زیندانیانی فەلەستینی لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، بەتایبەت بە ئاهەنگگێڕانی ڕەوتە فاشیستییەکان بۆ ئەم بڕیارانە، نیشاندەری بوونی لۆژیکێکی هاوبەشە لە ئاستی پێکهاتەی دەسەڵاتدا: سڕینەوەی نەیاران وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرخۆدان. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، زیندانی وەک هێمایەکی خەبات دەبینرێت. سڕینەوە یان سەرکوتی توندی ئەم کەسانە، هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی ورەی دەستەجەمعی و پێشگرتن لە تەشەنەسەندنی بەرخۆدان. ئەم لۆژیکە، سەرەڕای جیاوازییە ئایدۆلۆژی و ئایینییەکانی نێوان دەوڵەتان، لە پێکهاتە و ماهییەتی چینایەتیی دەسەڵاتەکەیاندا هاوبەشە

زیندان، ئامرازێکە بۆ کۆنترۆڵی چینایەتی. زیندانیانی سیاسی زۆرجار نوێنەر یان ڕەنگدانەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە بەرینترەکانن: لە خەباتی کرێکاری و بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنانەوە بگرە تا بەرخۆدانە دژە ئیستیعمارییەکان. لەم چوارچێوەیەدا، ئێعدام یان توندکردنەوەی گوشار بۆ سەر زیندانیان، بەشێکە لە هەوڵدان بۆ مەهارکردنی ئەم بزووتنەوانە. دەوڵەتان تێدەکۆشن لە ڕێگەی سڕینەوەی چالاکانی سیاسییەوە، تۆڕەکانی پەیوەندی و خۆڕێکخستن پەک بخەن. ئەزموون سەلماندوویەتی کە ئەم سیاسەتانە لە ماوەی درێژخایەندا نەک هەر نارەزایەتییەکان دانامرکێنن، بەڵکوو دەتوانن زیاتر ڕادیکاڵیان بکەن

یەکێک لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵک لە ئێعدام و سەرکوت وەردەگرن، قەیرانی ڕەوایەتی و مەشرووعییەتە. لە هەلومەرجێکدا کە بنکە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات یەکجار لاواز دەبن، پشتبەستنی بە ئامرازی سەرکوتگەرانە و قەهرئامێز زیاتر دەبێت. ئامانجیان لە ئێعدام، گۆڕینیەتی بۆ نمایشێکی هێز؛ نمایشێک کە ئامانج لێی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و پاشەکشەپێکردنی جەماوەرە. بەڵام، ئەم نمایشەی هێز زۆرجار ئاکامی پێچەوانەی دەبێت. بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری چینایەتی، پەرەسەندنی خۆڕێکخستن و ئەزموونی خەڵک لە سەرکوتگەری، دەتوانێت ببێتە هۆی داڕمانی یەکجاری مەشرووعییەتی دەسەڵاتەکان. زیندانیانی سیاسی دەبنە سیمبولی بەرخۆدان و ئەڵقەی گرێدانی خەباتی جەماوەر

لە بەرامبەر وەها دۆخێکدا، بزووتنەوەی سۆسیالیستیی چینی کرێکار و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر، ڕووبەڕووی ئەرکێکی دوولایەنە دەبنەوە. لە لایەکەوە دەبێت بە هەر شێوەیەک کە دەتوانن بەرەنگاری شەڕانگێزیی دەوڵەتی ناوخۆیی و دەستتێوەردانی ئیمپریالیستی ببنەوە و لە لایەکی تریشەوە، لە ڕێگەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی "نا بۆ ئێعدام" و بەرگریکردن لە زیندانیانی سیاسی، تێبکۆشن بۆ ئەوەی ماشێنی سەرکوت و کوشتاری ڕژیم ڕابگرن. بەرگریکردن لە زیندانیانی سیاسی، بەرەنگاربوونەوەی سزای ئێعدام و خەبات دژی سەرکوتگەری، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی چینایەتی. تەنیا لەم ڕێگەیەوەیە کە دەتوانین لە بەرامبەر سووڕی توندوتیژی و سەرکوتدا ڕاوەستین و ئاسۆی ڕزگاری لە ژێردەستەیی و چەوسانەوە بە زیندوویی بهێڵینەوە

❊❊❊



# سەرکوتی چالاکانی بزووتنەوەی مامۆستایان لە دۆخی جەنگیدا
# لە بەرامبەر شەڕ و پەرەسەندنی سەرکوتگەریدا، بزووتنەوەی هاوپشتی گەشە پێبدەین

سەرکوتی چالاکانی بزووتنەوەی مامۆستایان لە هەلومەرجی جەنگیدا، نیشانەی قووڵبوونەوەی قەیرانە لە پێکهاتەی سیاسی و ئابووریی دەسەڵاتداردا و دەرخەری ترسی ڕژێمە لە هەوڵە ڕێکخراوەییەکان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی هاوپشتی وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر نەزمی زاڵ. لە بارودۆخێکدا کە کۆمەڵگە لەلایەکەوە لەژێر زەبری بۆردومانەکاندایە و لەلایەکی دیکەشەوە بەرەوڕووی سەرکوتی سیستماتیکی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵکشان و پەرەسەندنی بێکاری و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری بووەتەوە، ئەم ڕاستییە زیاتر لە جاران زەق دەبێتەوە کە باری قورسی ئەم قەیرانە لەسەر شانی خەڵک، بەتایبەتی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانە. ئەوەی بە هێرشکردنە سەر ماڵی چالاکانی بزووتنەوەی مامۆستایان ڕووی دا، تەنیا بەشێکە لە پرۆسەیەکی بەرفراوانتر کە ئامانج لێی کۆنترۆڵکردن و خنکاندنی هەرچەشنە شکڵگرتنێکی وشیاری و خۆڕێکخستنی سەربەخۆیە لە نێو ڕیزەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ڕاپۆرتەکانی „ئەنجوومەنی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی فەرهەنگیان“ سەبارەت بە هەڵکوتانە سەر ماڵی چالاکانی بزووتنەوەی مامۆستایان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لەگەڵ پشکنین و دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلە کەسییەکانیان، لە بەستەرێکدا ڕوو دەدەن کە تیایدا هەرچەشنە چالاکییەکی سەربەخۆ وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئەژمار دەکرێت. دەستبەسەرکردنی بەشێک لەم چالاکانە و بێئاگایی بنەماڵەکانیان لە چارەنووسیان، ڕەهەندێکی دیکەی ئەم سەرکوتگەرییە نیشان دەدات؛ ڕەهەندێک کە ئامانج لێی دروستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن، گۆشەگیرکردن و پێشگرتنە لە بەرفراوانبوونی هاوپشتی کۆمەڵایەتی. هێزەکانی سەرکوت لەم دۆخە جەنگییەدا وەک ئامرازێک بۆ پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و هەژموونی چینایەتی کار دەکەن. کاتێک مامۆستایان، وەک بەشێک لە چینی کرێکار، هەوڵ دەدەن داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە سەربەخۆکاندا دەربڕن، ئەم کارە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ململانێ و دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییە پێکهاتەییەکانی سیستەمەکە. چونکە پەروەردە، تەنیا گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکوو سەکۆیەکە بۆ شکڵگرتنی وشیاری ڕەخنەگرانە. هەر بۆیە، سەرکوتی مامۆستایان دەبێ وەک هەوڵێک بۆ ڕێگریکردن لە تەشەنەسەندنی ئەم وشیارییە لێک بدرێتەوە.

ئەم سەرکوتگەرییە لە هەلومەرجێکدا چڕتر دەبێتەوە کە کۆمەڵگە هاوکات بەرەوڕووی دەرهاویشتەکانی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و وێرانگەریش بووەتەوە. شەڕ، هەمیشە وەک ئامرازێک بۆ گۆڕینی ئەولەوییەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەکار هێنراوە. لە وەها دۆخێکدا، سامان و سەرچاوە گشتییەکان لەبری ئەوەی بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تەرخان بکرێن، دەخرێنە خزمەت ئامانجە سەربازییەکانەوە و کەشوهەوای ئەمنیش دەبێتە بیانوویەک بۆ سەرکوتکردنی ئازادییەکان. ئەم دۆخە، زەمینە بۆ توندکردنەوەی کۆنترۆڵ و سەرکوت خۆش دەکات. ئەزموونی مێژوویی سەلماندوویەتی کە دەوڵەتان لە بارودۆخە قەیراناوییەکاندا، بەتایبەتی لە کاتی شەڕدا، پاوانکردنی دەسەڵات و کپکردنی دەنگی ڕەخنەگر و نارازی دەکەنە بەشێک لە ستراتیژی خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە.

لەم نێوەندەدا، خەڵکی ئاسایی و بەتایبەتی چینە چەوساوەکان، زۆرترین زیانیان بەر دەکەوێت. ئەوان نە لە بڕیارە گەورە سیاسی و سەربازییەکاندا ڕۆڵیان هەیە و نە لە دەرهاویشتەکانیشی قازانج دەکەن. بۆردومانەکان، کۆمەڵکوژیی مرۆڤە بێدەرەتانەکان، ئاوارەیی، هەڵکشانی بێکاری و گرانی و هەژاری، کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و سەرکوتی سیاسی، هەموویان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان هەیە. ئەم سێ لایەنە واتە شەڕ، پەرەسەندنی سەرکوت و بەرفراوانبوونی ڕەهەندەکانی هەژاری و نەهامەتی ئابووری، دۆخێکی خوڵقاندووە کە تیایدا خەڵک لە هەموو لایەکەوە لەژێر گوشاردایە. لە وەها دۆخێکدا، شیکاری چینایەتی گرنگییەکی تایبەتی پەیدا دەکات، چونکە نیشانی دەدات کە چۆن بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لە دژایەتی تەواودایە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و جەماوەری خەڵک.

مامۆستایان لەم نێوەندەدا پێگەیەکی تایبەتیان هەیە. ئەوان نەک هەر بەشێکن لە چینی کرێکار و هێزی کار، بەڵکوو ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتن و ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا دەگێڕن. دژایەتیکردنی شەڕ لەلایەن بزووتنەوەی مامۆستایانەوە و داواکارییەکانیان، لە کرێی کارەوە بگرە تا ئاسایشی پیشەیی، مافی خۆڕێکخستن، و پەروەردەی بێبەرامبەر (خۆڕایی)، ڕەگ و ڕیشەی لە نێو پێکهاتە نایەکسانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندایە. هەر بەم هۆیەشەوە، هەر جۆرە هەوڵێک بۆ خۆڕێکخستنی سەربەخۆیان، بەرەوڕووی کاردانەوەی توند دەبێتەوە. سەرکوتی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایان دەبێ لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا، واتە وەک بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە شکڵگرتنێکی هێزی بەکۆمەڵ و پەرەسەندنی یەکگرتوویی و هاوپشتی لە نێو ڕیزەکانی چینی کرێکاردا شیکاری بکرێت. سەرەڕای ئەمانەش، مێژوو نیشانی داوە کە سەرکوتگەری، هەرچەندە ڕەنگە لە ماوەی کورتدا ببێتە کۆسپ لەبەردەم پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکاندا، بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری و تەشەنەسەندنی ناڕەزایەتییەکان. لە وەها هەلومەرجێکدا، زەرووورەتی هاوپشتی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی چینی کرێکار و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە زیاتر لە جاران هەستی پێ دەکرێت. مامۆستایان، کرێکاران، پەرستاران، شۆفێران و تەواوی توێژە زەحمەتکێشەکانی دیکە، هەموویان بەرەوڕووی شێوازە جۆراوجۆرەکانی چەوسانەوە و سەرکوت بوونەتەوە. گرێدانی ئەم خەباتانە بە یەکترەوە و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو، دەتوانێت ببێتە زەمینەخۆشکەری گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان.

ڕوانگەیەکی شۆڕشگێڕانە، ئەوە دەخوازێت کە هاوکات لەگەڵ ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی سەرکوتگەرییەکان، ماهییەتی سیاسی و چینایەتی شەڕیش بدرێتە بەر ڕەخنە. ناکرێت یەکێکیان پشتگوێ بخرێت و ئەوەی دیکەیان زەق بکرێتەوە. هەردووکیان لە کۆتاییدا دەبنە هۆی لاوازکردنی پێگەی خەڵک و بەهێزکردنی پێکهاتەکانی دەسەڵاتداریەتی. هەر بۆیە، خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری، پێویستی بە تێڕوانینێکی گشتگیر و فرەڕەهەند هەیە کە بتوانێت لە ئاڵۆزییەکانی ئەم دۆخە تێبگات و شیکارییان بکات. لە کۆتاییدا، ئەوەی لە هەلومەرجی ئێستادا گرنگە، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشە پێکهاتەییەکانی ئەم قەیرانانە و هەنگاونانە بەرەو دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤە ڕاستەقینەکان. پەرەپێدانی وشیاریی چینایەتی، خۆڕێکخستن و بەهێزکردنی هاوپشتی کۆمەڵایەتی لەپاڵ هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری، سێ بنەمای سەرەکی ئەم ڕێگەیەن. بەبێ ئەم بنەمایانە، هەر جۆرە بەرخۆدانێک لە بەرامبەر سەرکوت و گوشاردا، پەرتەوازە و ناسەقامگیر دەبێت.

سەرکوتی چالاکانی پیشەیی مامۆستایان لە هەلومەرجی جەنگیدا، وێنەیەکی چڕی بارودۆخی گشتیی کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو؛ بارودۆخێک کە تیایدا ناکۆکییە چینایەتییەکان، بۆردومانی هێزە ئیمپریالیستییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، پێداگریی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدان بەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و قووڵبوونەوەی قەیرانە ناوخۆییەکان، بە یەکترەوە گرێ دراون. لە وەها دۆخێکدا، هاواری „نا بۆ ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە“، بەرگریکردن لە مافەکانی مامۆستایان، پارێزگاری لە مافی خۆڕێکخستن و بەرگریکردن لە ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و یەکسانیی مرۆڤەکان، نەک تەنیا کۆمەڵێک داواکاریی لێکدابڕاو نین، بەڵکوو بەشێکن لە خەباتێکی بەرفراوانتر بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی و هەژموونی هێزە ئیمپریالیستییەکان.

❊❊❊



# ئاسۆی لێڵی کۆتاییهاتنی شەڕ لە هەلومەرجی پەرەسەندنی هێرشە بەرامبەرەکاندا

شەڕی نێوان دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی کە بەرەبەیانی نۆی ڕەشەمە بە هێرشی بەرفراوانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر تاران دەستی پێکرد و بووە هۆی کوژرانی عەلی خامنەیی و چەندین توێژی دیکە لە مۆرە باڵاکانی حکوومەتی ئیسلامی و فەرماندە سەربازییەکانی ئەرتەش و سپای پاسداران، هێشتا بەردەوامە و لەم ڕۆژانەی



دواییدا چڕتر بووەتەوە. ڕۆژی یەکشەممە ئەرتەشی ئیسرائیل بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک، هەواڵی شەپۆلێکی دیکەی هێرشە بەرفراوانەکانی بۆ سەر ژێرخانەکانی ڕژیم لە تاران ڕاگەیاند و وتی: "ئێمە درێژە بە هێرشەکانمان بۆ سەر سەرجەم سیستەم و ژێرخانەکانی کۆماری ئیسلامی دەدەین و بە شێوەیەکی چالاکانە بەدوای فەرماندە و هێزەکانی سپای پاسدارانەوەین". ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئێوارەی شەممە، یەکی خاکەلێوە، بەهۆی هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەر هەردوو شاری "دیمۆنا" و "عەراد" لە نزیک دامەزراوە ناوکییەکانی ئیسرائیل لە باشووری ئەو وڵاتە، زیاتر لە ١٨٠ کەس کوژراو و بریندار بوون. هەڵبەت ڕۆژێک پێش ئەوەش، سپای پاسداران لە کاردانەوە بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی نەتەنز، ڕایگەیاندبوو کە دوو مووشەکی بالیستیکی ئاراستەی باشووری ئیسرائیل کردووە و هەواڵی دەستپێکی شەپۆلێکی نوێی لە هێرشە مووشەکییەکانی بۆ سەر ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو ڕاگەیاندبوو

لە ماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا و لە کاتێکدا کە هەواڵەکان باسیان لە هەوڵی نێوەندگیریی دەوڵەتەکانی میسر و قەتەر دەکرد بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکە، بازنەی هەڕەشە و هێرشە بەرامبەرەکانی ئەم شەڕە لە هەردوو لاوە پەرەی سەندووە. لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی دووشەممە سێی خاکەلێوە، ئەرتەشی ئیسرائیل ڕایگەیاند کە شەپۆلێکی نوێی هێرشە بەرفراوانەکانی دژ بە ژێرخانەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە تاران دەست پێکردووە. میدیاکانی سەر بە ڕژیمیش هەواڵی ڕوودانی تەقینەوەی گەورە و توندیان لە تاران بڵاو کردەوە. پەیامنێری کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبیش باسی لە ڕوودانی تەقینەوەی گەورە و بێوێنە لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی تاران کرد

لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی ڕۆژی دووشەممە سێی خاکەلێوە، هەواڵی هێرشی بەرفراوانی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر عەرەبستانی سعوودی، ئیمارات، قەتەر و بەحرەینی ڕاگەیاند. لەئێستادا وڵاتانی کەنداو کە لە مانگی ڕابردوودا بەردەوام لە لایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە کەوتوونەتە بەر پەلاماری مووشەکی و درۆنی، هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەرگری لە خۆیان دەکەن و کاردانەوەیان دەبێت. ئیمارات ڕایگەیاند کە ئەرتەشی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبی سەرقاڵی تاوتوێکردنی گەڵاڵەگەلێکن بە مەبەستی کاردانەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی

هەر لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی شەممە یەکی خاکەلێوە، ٢٢ وڵاتی ئورووپایی و غەیرەئورووپایی لەوانە (بەریتانیا، فەرەنسا، ئاڵمان، ئیتالیا، هۆڵەند و وڵاتانی ئەسکاندیناڤی، کەنەدا، ژاپۆن، کۆریای باشوور، نیوزیلەند و ئوسترالیا)، بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش، هێرشەکانی کۆماری ئیسلامییان بۆ سەر کەشتییە بازرگانییەکان و ژێرخانە مەدەنییەکان، لەوانەش دامەزراوەکانی نەوت و گاز و داخستنی گەرووی هورمز، بە توندی مەحکووم کرد و داوایان کرد دەستبەجێ کۆتایی بە داخستنی ئەو گەرووە و هێرشە مووشەکییەکان بۆ سەر کەشتییەکانی ئەو ناوچەیە بهێنرێت. سەرەڕای ئەوەش، ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕەشەمەی ١٤٠٤، وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە دانیشتنێکدا لە ڕیاز، هێرشەکانی کۆماری ئیسلامییان بۆ سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون و ژێرخانە مەدەنییەکان، سامانە ئابوورییەکان و بنکە دیپلۆماسییەکانی وڵاتانی ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو، ئۆردەن، ئازەربایجان و تورکیا، بە پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکان زانی و مەحکوومیان کرد. وەزیری دەرەوەی عەرەبستانیش لەو کۆبوونەوەیەدا ڕایگەیاند کە ئێمە مل بە گوشارەکان نادەین و مافی کاردانەوەی سەربازی بۆ خۆمان بە پارێزراو دەزانین. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئەم دانیشتنەدا، شاری ڕیازی پایتەختی عەرەبستان دووبارە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرایەوە ئامانجی پەلامار. هەڵبەت وەزارەتی بەرگریی ئەو وڵاتە ڕایگەیاند کە چەند مووشەکێکی بالیستیکی کۆماری ئیسلامییان پێکاوە و تێکیان شکاندووە. هەر لەو پەیوەندییەدا، هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا دوای بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەکەی ڕیاز، هۆشداریی بە کۆماری ئیسلامی دا کە ئەگەر هێرشە مووشەکی و درۆنییەکان بەردەوام بن، وڵاتانی ناوچەی کەنداو ناچار دەبن پەنا بۆ هەنگاوی بەرامبەر ببەن

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، حکوومەتی ئیسلامی کە بە ئەگەری زۆرەوە پشتی بە یارمەتییە سەربازی و هەواڵگرییەکانی ڕووسیا و پشتیوانیی ئەو وڵاتە لە دژی ئەمریکا قایم کردووە، هەروا دەهۆڵی درێژەدان بە شەڕ لێ دەدات و بە درۆودەلەسە و چەواشەکاری، خۆی بۆ درێژەدان بە شەڕەکە ئامادە نیشان دەدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێبەران و فەرماندە باڵاکانی لەلایەن ئیسرائیلەوە کوژراون؛ ژێرخانە ئابووری، ناوکی، پیشەسازی، ئاسمانی و دەریایی و تەشکیلاتییەکانی، لەگەڵ بەشێکی زۆری ناوەند و مۆڵگە و بنکە سەربازییەکانی بەتەواوی تێکشکێندراون و خاپوور کراون

ئەم ڕژیمە تاوانکارە لە هەلومەرجێکدا هێشتا دەهۆڵی شەڕ لێ دەدات کە باری بژێویی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە خراپتربوون دەچێت. گرانی، بێکاری و هەڵاوسانی کۆنترۆڵنەکراو، ژیانیانی نوقمی هەژاری و برسیەتی کردووە. ئەم ڕژیمە گەندەڵ و مایەپووچە کە توانای وەڵامدانەوەی خواست و داواکارییەکانی ئەوانی نییە، هەر جۆرە دەربڕینێکی نارەزایەتی دژی هەژاری و گرانی، بە زەبری هێزە بەکرێگیراوە سەرکوتگەرەکانی خەڵتانی خوێن دەکات. هەلومەرجی جەنگیش بووەتە هۆی ڕاوەستانی کاتیی نارەزایەتیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی کۆمەڵگەدا. ڕژیم کە یەکجار نیگەرانە لە سەرهەڵدانەوە و بەردەوامیی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، بە لەسێدارەدان، دەستبەسەرکردن و خستنەژێر گوشاری چالاکانی سیاسی، کەشوهەوای ئەمنییەتی و میلیتاریزەی چڕتر کردووەتەوە و ڕێگری لە پێکهاتنی هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتی کردووە

لە وەها هەلومەرجێکدا، یەکێک لە ئەرکە هەنووکەییەکان کە کەوتووەتە سەر شانی هەڵسووراوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت لاوان لە گەڕەکەکاندا ئەوەیە کە بە هاوکاریی یەکتر و لە ڕێگەی پێکهێنانی کۆمیتەکانی گەڕەک، تۆڕەکانی پەیوەندی، کۆمیتەکانی هەرەوەزی، پێکهێنانی تیمەکانی فریاگوزاری و دامەزراوە جەماوەرییەکان لە نێو گەڕەکەکاندا، لە پێناو پتەوکردنی هاوپشتی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی ئەم جەنگە وێرانکەرە لەسەر ئاسایش و ژیان و بژێوییان تێبکۆشن. لەم هەلومەرجە دژوارەی شەڕدا، پاراستنی یەکگرتوویی و بەهێزکردنی لەناو خەڵک و زیندوو ڕاگرتنی هیوای گۆڕانکاری، گرنگییەکی تەواو چارەنووسسازی هەیە. لە هەمان کاتدا و سەرەڕای ئەو دژوارییانەی کە هەن، پێویستە هەڵسووراوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، زەمینەسازی بکەن بۆ وەڕێخستنی مانگرتنی گشتیی سیاسی بە خواستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی

❊❊❊

# دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل
# تۆڵەی هێرشە مووشەکییەکانی گرووپی کۆنەپەرستی حیزبوڵلا لە خەڵکی لوبنان دەکاتەوە

دوو ڕۆژ دوای هەڵگیرسانی شەڕی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی کۆماری ئیسلامی و کوژرانی عەلی خامنەیی، حیزبوڵلای لوبنان کە هاوپەیمانی ستراتیژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە، بۆ پشتیوانی لەم دەسەڵاتە تێکەڵ بەم شەڕە جینایەتکارانەیە بوو. ئەم گرووپە بە مووشەکبارانکردنی ئیسرائیل، بیانووی دایە دەست دەوڵەتە قڕکەرەکەی نەتانیاهۆ تا سەرلەنوێ شەڕ و کوشتار لە لوبنان دەست پێ بکاتەوە و کۆتایی بەو ئاگربەستە بهێنێت کە لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ـەوە خرابووە بواری جێبەجێکردنەوە. حیزبوڵلای لوبنان کە لە شەڕی پێشوودا ڕێبەرەکەی (حەسەن نەسروڵلا) و چەندین ئاست لە سەرکردایەتی و فەرماندەکانی لەدەست دابوو و بەتوندی لاواز ببوو، لەم ماوەیەدا بە هاوکاری سوپای پاسداران تواناییە سەربازییەکانی خۆی نۆژەن کردووەتەوە و بە فەرمانی سوپای پاسداران و لەژێر ناوی "تۆڵەسەندنەوەی کوژرانی خامنەیی"، بە مووشەکبارانی بەردەوام سەرلەنوێ چووەتە نێو شەڕێکی گشتگیری دیکەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا

لە کاتێکدا هێشتا وێرانکارییەکانی شەڕی پێشوو لە لوبنان وەک خۆیان ماونەتەوە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا باشووری لوبنان و ناوچەی زاحیەی بەیرووت بەهۆی بۆردومانەکانی سوپای ئیسرائیلەوە زیاتر وێران و خاپوور کراون. دەوڵەتە نەسلکوژەکەی ئیسرائیل، باجی هێرشە مووشەکییەکانی حیزبوڵلاش لە خەڵکی باشووری لوبنان دەستێنێتەوە و هاوشێوەی غەززە، هەر جارە و هۆشداری دەداتە خەڵکی بەشێک لەو ناوچانە کە ماڵ و حاڵی خۆیان چۆڵ بکەن، بۆ ئەوەی ئیسرائیل خاپووریان بکات. بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان، لە ئاکامی بۆردومانە دڕندانەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیلدا، تا ئێستا زیاتر لە ١١٠٠ کەس کوژراون، ژمارەیەکی زیاتریش بریندار بوون و یەک ملیۆن کەس لە خەڵکی لوبنان سەرلەنوێ ئاوارە و دەربەدەر بوون

لەگەڵ بەردەوامی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری لوبنان و نۆژەنکردنەوەی حیزبوڵلا، بەرەنگاری و دژایەتی ئەم حیزبە بەرامبەر بە دەوڵەتی نوێی لوبنان پەرەی سەندووە. لە سەرەتای ساڵی ڕابردوودا، حیزبوڵلا کە بەتوندی لاواز ببوو، ناچار کرا مەرجەکانی دەوڵەتی لوبنان بۆ چەکدانان و چوونەدەری سوپای پاسداران قبووڵ بکات. سەرەڕای ئەمەش، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی سوپای قودس بەنهێنی لە لوبناندا مانەوە. پاش ئاشکرابوونی بوونیان لە لوبنان لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا و مۆڵەتە ٤٨ کاتژمێرییەکەی ئیسرائیل بۆ دەرچوونیان لەو وڵاتە، نزیکەی ١٨٠ کەس لە هێزەکانی سوپای قودسی سوپای پاسداران توانییان بە هاوکاریی ڕووسیا خاکی لوبنان بەجێبهێڵن

لە درێژەی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ڕژێمەوە، دەوڵەتی لوبنان ڕۆژی سێشەممە (٤ی خاکەلێوە)، محەممەد ڕەزا شەیبانی، باڵیۆزی ڕژێمی ئیسلامی لە لوبنان وەک "عونسورێکی نەخوازراو" ڕاگەیاند و دەرفەتی پێ دا تا لە ماوەی پێنج ڕۆژدا خاکی ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێت، هەروەها باڵیۆزی خۆیشی لە ئێران بانگێشت کردەوە. ئەم بڕیارەی دەوڵەتی لوبنان، ڕووبەڕووی دژایەتیی حیزبوڵلا و بزووتنەوەی شیعیی "ئەمەل" بووەوە. حیزبوڵلا ئەم هەنگاوەی دەوڵەتی وەک "گوناە" مەحکووم کرد و لایەنگرانی ئەم حیزبە بە کۆبوونەوە لە بەردەم باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی لە بەیرووت، ناڕەزایەتییان بەرامبەر بەو بڕیارەی دەوڵەتی لوبنان دەربڕی و بە دروشمدان، داوای دەرکردنی باڵیۆزی ئەمریکایان لە لوبنان کرد

لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی داوای لە "نەبی بەری" سەرۆکی پەرلەمانی لوبنان کرد تا هەوڵ بدات دەوڵەتەکەی نەواف سەلام لە بڕیاری دەرکردنی شەیبانی پەشیمان بکاتەوە. ڕۆژی پێنجشەممە (٦ی خاکەلێوە)، هەردوو وەزیرەکەی حیزبوڵلا و هەردوو وەزیرەکەی بزووتنەوەی ئەمەل لە کابینەی حکوومەتدا، کۆبوونەوەی دەوڵەتیان بایکۆت کرد و ئامادە نەبوون تێیدا بەشداری بکەن. سەرەڕای ئەمەش، دەوڵەتی لوبنان ڕایگەیاند کە دەستێوەردانی باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەی لوبنان -کە خۆی گیرۆدەی قەیرانێکی قووڵ و درێژخایەنی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە- سەرلەنوێ پەلکێشی نێو شەڕ بکرێت و بکەوێتە بەر بۆردومان و داگیرکارییەکانی ئیسرائیل. بەپێی ڕاپۆرتی کەناڵی ئەلحەدەس، کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵلا لە هەوڵی ئەوەدان تا دەوڵەتەکەی نەواف سەلامی سەرۆک وەزیران بڕووخێنن و سەرلەنوێ دەوڵەتێکی وابەستە بە خۆیان بهێننە سەر کار

ئەم هەنگاوانە لە کاتێکدا دەگیرێنە بەر، کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز، کۆماری ئیسلامی لە یەک ساڵی ڕابردوودا کەلێنە ئەمنییەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبوڵلای پڕ کردووەتەوە و هێزەکانی مەشق پێ کردووە و پڕچەکی کردوون. نەواف سەلام، سەرۆک وەزیرانی لوبنان، هەفتەی ڕابردوو ڕایگەیاند کە ئەندامانی سوپای پاسداران فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی حیزبوڵلا لەم شەڕەی ئێستای دژی ئیسرائیل لە لوبنان دەکەن. لە ماوەی ئەم مانگەدا، حیزبوڵلای لوبنان سەدان مووشەک و درۆنی بەرەو ئیسرائیل تەقاندووە و لوبنانی کردووەتە گۆڕەپانی شەڕێکی بەوەکالەت. ئەم کارەش، دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیلی خستووەتە خۆ تا لەژێر پاساوی "پاراستنی ئاسایشی خۆی"، جارێکی دیکە باشووری لوبنان داگیر بکات

لەم پەیوەندییەدا، ڕۆژی چوارشەممە (٥ی خاکەلێوە)، نەتانیاهۆی نەسلکوژ لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا ڕایگەیاند: "ئێمە ناوچەیەکی ئەمنییەتیمان دروست کردووە کە ڕێگری لە هەر جۆرە دزەکردنێک لە سنوورەکانی باکوورەوە دەکات و ئەم ناوچەیەش فراوانتر دەکەین". دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی کۆماری ئیسلامیش، درێژە بە هێرشەکانی بۆ سەر حیزبوڵلا دەدات. بەم جۆرە، جەماوەری ئاوارەی باشووری لوبنان ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. لە بەرامبەردا، کۆماری ئیسلامی خوازیاری ئەوە بووە کە هەر جۆرە ئاگربەست و ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمریکادا، دەبێت حیزبوڵلای لوبنانیش بگرێتەوە. ئەم داواکارییەی ڕژێمی ئیسلامی لە کاتێکدایە کە خۆی بەهۆی قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی لە ئاکامی ئەم شەڕەدا بەتوندی لاواز بووە و کۆتاییهێنان بە تەواوی چالاکییە بەوەکالەتەکانی ڕژێم -لەوانەش چەککردنی حیزبوڵلای لوبنان- یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی هەر ڕێککەوتنێکی ئەگەری لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا

بەم جۆرە، کۆماری ئیسلامی کە یەکجار لاواز بووە، دەیەوێت بە کەڵکوەرگرتن لە گرووپی کۆنەپەرست و تیرۆریستی حیزبوڵلا و گرووپەکانی دیکەی ناسراو بە "مێحوەری موقاوەمەت"، لەسەر حیساب و بە قیمەتی کوشتار و کاولکاری و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەس لە خەڵکی لوبنان و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، خۆی لەسەر پێ بهێڵێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ڕاگرتنی دەستبەجێی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە و ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، دەتوانێت نەک تەنیا کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی ئێران، بەڵکوو خەڵکی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش لە شەڕ و سیاسەتی شەڕەنگێزانەی کۆماری ئیسلامی ڕزگار بکات؛ هەروەها لە بەرامبەر نەزمی ناوچەیی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەم کرێکاران و جەماوەری چەوساوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکاتەوە

❊❊❊



# پەرەسەندنی سەرکوت لەژێر سێبەری شەڕێکی وێرانکەر و کۆنەپەرستانەدا

لە کاتێکدا کە هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بەردەوامە و کۆمەڵگەی ئێران کەوتووەتە دۆخێکی شەڕەوە، هاوکات شەپۆلێکی نوێ لە ڕەشبگیری و دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات دەستی پێ کردووە. ڕاپۆرت و ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی دامەزراوە ئەمنییەکان دەریدەخەن کە لەم ڕۆژانەی دواییدا دەیان کەس لە پارێزگا جیاوازەکاندا بە تۆمەتی وەک "کردەوەی دژە ئەمنیەتی"، "هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیل" یان "پەیوەندی لەگەڵ گرووپە نەیارەکانی ڕژێم" دەستبەسەر کراون. بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی دەستبەسەرکراوان و پەخشکردنی دانپێدانانی زۆرەملێش، بەشێکە لە سیاسەتی ئەمنییەتیی دەسەڵات بۆ خوڵقاندنی کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگەدا. بەپێی ڕاگەیاندراوە بڵاوکراوەکان، وەزارەتی ئیتلاعات هەواڵی دەستبەسەرکردنی لانی کەم دە کەس لە پارێزگای مازندەران، دە هاووڵاتی لە خۆراسانی ڕەزەوی و سێ کەس لە خوزستانی ڕاگەیاندووە. لە هەمان کاتدا سوپای پاسدارانی پارێزگای قوم ڕایگەیاندووە کە ١٣ هاووڵاتی لەم پارێزگایە بە تۆمەتی "کردەوەی دژە ئەمنیەتی" دەستبەسەر کراون. پۆلیسی ئەمنیەتی گشتیی فەراجاش باسی لە دەستبەسەرکردنی ٥٤ کەس کردووە، بەبێ ئەوەی شوێنی دەستبەسەرکردنەکەیان ئاشکرا بکات. هەروەها، ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سوپای پاسداران ڕایگەیاندووە کە چەندین هاووڵاتی لە ئازەربایجانی غەربی، ٢٥ کەس لە تاران و ٨ کەس لە هەمەدان دەستبەسەر کراون. بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە، تەنیا لە ماوەیەکی کورتدا لانی کەم ٩٠ هاووڵاتی لە پەیوەندی لەگەڵ کەشوهەوای شەڕ و پێشهاتە سیاسییەکانی ئەم دواییەدا دەستبەسەر کراون. لەگەڵ ئەوەشدا، پێ دەچێت ئەم ئامارانە تەنیا بەشێکی بچووک لە ڕاستییەکان نیشان بدەن. لە هەلومەرجێکدا کە کەشی وڵات بەتەواوی میلیتاریزە و ئەمنیەتی کراوە و هێڵی ئینتەرنێت پچڕاوە، زانیاری لەسەر زۆرێک لە دەستبەسەرکراوان بڵاو ناکرێتەوە. بنەماڵەکانیش زۆرجار بەهۆی ترس لە گوشاری زیاتر، خۆ لە ئاشکراکردنی دۆخی ڕۆڵە دەستبەسەرکراوەکانیان دەپارێزن

پەرەسەندنی شەپۆلی دەستبەسەرکردنەکان لە هەلومەرجی شەڕدا دیاردەیەکی لەناکاو و بەهەڵکەوت نییە. هەروەک پێشبینی دەکرا، کۆماری ئیسلامی دۆخی شەڕی قۆزتووەتەوە بۆ توندترکردنی کۆنترۆڵی سیاسی و سەرکوتکردنی نەیارانی. کەشوهەوای شەڕ دەرفەتێکی بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ڕەخساندووە تا هەر جۆرە ڕەخنە و ناڕەزایەتییەک وەک "هاوکاری لەگەڵ دوژمن" پێناسە بکات. لە وەها دۆخێکدا، سنووری نێوان چالاکیی سیاسی، ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی و "کردەوەی ئەمنیەتی" بەکردەوە دەسڕێتەوە و دەزگا سەرکوتگەرەکان دەستکراوەتر دەبن بۆ پەلاماردان و سەرکوتکردنی کۆمەڵگە

کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجی ئێستادا لە لایەکەوە لەژێر گوشاری هێرشە سەربازییەکان و مەترسیی داڕمانی ئابوورییە و، لە لایەکی دیکەشەوە کەوتووەتە ژێر گوشاری تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆی وڵاتدا. ئاخێزی ئەم دواییەی مانگی بەفرانبار جارێکی تر سەلماندی کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە دژی دۆخی سیاسی و ئابووریی هەنووکەییە. لە وەها هەلومەرجێکدا، دەسەڵات هەوڵ دەدات بە کەڵکوەرگرتن لە دۆخی شەڕ، هەر جۆرە ئەگەرێکی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لەناوببات. هەڵکشانی ڕەشبگیرییەکان لە کاتێکدایە کە دۆخی زیندانەکان لە مێژە گەیشتووەتە قۆناغێکی قەیراناوی. گەلێک ڕاپۆرت باس لە قەرەباڵغیی زۆر، نەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی، بێبەشبوون لە چارەسەری پزیشکی و دۆخی نالەباری ژیان لە زیندانەکاندا دەکەن. ئێستاش لەگەڵ درێژەی هێرشە سەربازییەکان، مەترسییەکی نوێ لەسەر گیان و ئاسایشی زیندانییان دروست بووە. ئەگەر هێرشەکان بەرفراوانتر بن و هەندێک ناوەندی حکوومەتی بکرێنە ئامانج، ئەو زیندانانەی لە نزیک ئەم ناوەندانەن ڕەنگە بکەونە مەترسییەوە. لە دۆخێکی وەهادا، ئەگەری برینداربوون یان تەنانەت گیانلەدەستدانی زیندانییان زیاتر دەبێت. لە لایەکی دیکەشەوە، کەشوهەوای شەڕ دەتوانێت ببێتە زەمینەخۆشکەر بۆ توندوتیژیی ڕاستەوخۆ دژی زیندانییان

مێژووی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە لە قۆناغە قەیراناوییەکاندا، ئەم دەسەڵاتە هیچ سڵێکی لە کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی نەکردووەتەوە. هەر بەم هۆیەشەوە مەترسی لەسەر گیانی زیندانییانی سیاسی لە هەلومەرجی ئێستادا تەواو جدییە. بڵاوکردنەوەی دانپێدانانە تەلەفزیۆنییەکان، یەکێکە لە ئامرازە کۆنەکانی دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی. ئەم دانپێدانانە زۆرجار بە مەبەستی خوڵقاندنی کەشی تۆقاندن لە کۆمەڵگە و پێدانی ڕەوایەتی بە ڕەشبگیرییەکان ساز دەکرێن. لە هەلومەرجی شەڕدا، ئەم ئامرازە ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێت. میدیاکانی سەر بە دەسەڵات بە لکاندنی تۆمەتی وەک "سیخوڕی"، هەوڵ دەدەن هەر جۆرە دژایەتییەکی سیاسی وەک "هاوکاری لەگەڵ دوژمن" لە قەڵەم بدەن. ئەم شێوازە پڕوپاگەندەیە، لە ڕاستیدا بەشێکە لە شەڕی دەروونیی ڕژێم دژی کۆمەڵگە

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموون نیشانی داوە لە کۆمەڵگەیەکدا کە گەلێک جار شایەدی دانپێدانانی زۆرەملێ و دۆسیەسازییە ئەمنییەکان بووە، جەماوەر هیچ بەهایەک بۆ ئەم گێڕانەوە چەواشەکارانەیە دانانێت. لە شەڕی ئێستادا، لە لایەکەوە بۆردومانی بێوچانی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل، گیان، ژیان و ئاسایشی خەڵکی خستووەتە مەترسییەوە، و لە لایەکی دیکەشەوە حکوومەتی ئیسلامی بە پەرەپێدانی سەرکوت و ڕەشبگیری و ئەمنیەتی کردنی کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەر ئەم جەماوەرەی پتر لە جاران خستووەتە ژێر گوشارەوە. لە ئەنجامدا، جەماوەری خەڵک لە هەردوو بەرەی ئەم شەڕ و قەیرانەدا دەبنە قوربانی

لە وەها دۆخێکدا، بەرگریکردن لە ئازادیی زیندانییانی سیاسی و پاراستنی گیانی زیندانییانی ئاسایی و ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکوتگەری، گرنگییەکی تایبەت پەیدا دەکات. بەرپرسیارێتیی پاراستنی گیانی دەستبەسەرکراوان، ڕاستەوخۆ لە ئەستۆی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە. لەم هەلومەرجەی ئێستادا کە کۆمەڵگە لەژێر مەنگەنەی شەڕ و کاولکاری، گرانی و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری و پەرەسەندنی سەرکوتگەریدایە، قایمکردنی ڕیزەکانی یەکگرتوویی و هاوپشتی و بەزیندوو هێشتنەوەی هیوای گۆڕانکاری، ڕەمزی دەربازبوونە لەم قەیرانەی ئێستا. بەڵام هیوای گۆڕانکاری و دەربازبوون لە قەیرانی شەڕ، پێویستە خۆی لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گۆڕانکاریدا نیشان بدات. تێکۆشانی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر بۆ ڕێکخستنی مانگرتنە کرێکارییەکان و مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان —کە هاوکات ناوەندە بەرهەمهێنەر و خزمەتگوزارییەکان، چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە و بە بەشداریی بەرفراوانی جەماوەر شارەکان دابخات— بە خواست و دروشمی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و ئازادیی بێمەرجی سەرجەم زیندانییانی سیاسی، دەتوانێت ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر گوشارێکی توندەوە و ماشێنی شەڕ و سەرکوتگەریی ئەم ڕژێمە جەنایەتکارە ڕابگرێت

❊❊❊



# با کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی و کۆتاییهێنان بە شەپۆلی ئێعدامەکان بخەینە ژێر گوشارەوە




لە کاتێکدا کە خەڵکی ئێران کەوتوونەتە ژێر مەنگەنەی شەڕێکی وێرانکەر و پەرەسەندنی بێوێنەی بێکاری، هەڵاوسانی بێسنوور و هەژاری بەرین، کۆماری ئیسلامی بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێ لە تەقینەوەی تووڕەیی و نارەزایەتیی جەماوەر، بۆ مانەوەی خۆی پەنای بردووەتە بەر توندکردنەوەی سەرکوت و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی. لە چوار دەیەی ڕابردوودا، ئەم ڕژیمە تاوانکارە هەر کاتێک سیاسەتە گشتییەکانی تووشی شکست هاتبێت، یان لەو شەڕانەی کە خۆی دەستی لە هەڵگیرساندنیاندا هەبووە دۆڕابێت، بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، ڕووی لە لەسێدارەدانی زیندانییان، و بەتایبەتی زیندانییانی سیاسی کردووە. لەسێدارەدانی هەزاران زیندانیی سیاسی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ساڵانی دەیەی شەست و پاش نۆشینی جامی ژەهری شکستی سەرشۆڕانەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لەلایەن خومەینییەوە، و هەروەها لە تاوانی سامناکی کوشتار و کۆمەڵکوژیی هەزاران خۆپیشاندەر لە مانگی بەفرانباری ڕابردوودا، جەوهەری دژەمرۆڤانە و پۆتانسیەلی بەرزی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێعدام، کوشتار و تاوانکاریدا بەڕوونی دەرخستووە

بەهۆی ئەو گورزە قورسانەی کە لەم شەڕەدا بەر کۆماری ئیسلامی کەوتووە، کە تا ئێستا بووەتە هۆی کوژرانی عەلی خامنەیی و توێژەکانی سەرەوەی فەرماندەکانی سوپای پاسداران و ئەرتەش و بەرپرسانی دیکەی حکوومەتی و وێرانبوونی زۆرێک لە ناوەندە سەربازییەکان، ڕژیم بۆ داپۆشینی ئەم شکستە، جارێکی دیکە ڕووی لە توندکردنەوەی شەپۆلی لەسێدارەدانی زیندانییان، بەتایبەت زیندانییانی سیاسی کردووەتەوە. لە گەرمەی ئەم شەڕەی ئێستادا، ڕەوتی دەرکردن و جێبەجێکردنی حوکمەکانی لەسێدارەدانی زیندانییان، خێراییەکی زیاتری بەخۆوە گرتووە. ڕەوتێک کە بەرپرسانی قەزایی حکوومەتی ئیسلامی، لە موحسینی ئێژەیی، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بگرە تا دەگاتە کاربەدەستان و بەکرێگیراوانی دیکەی دەزگای قەزایی ڕژیم، بێشەرمانە باس لە چڕکردنەوەی دەکەن و هەڕەشەی ئێعدام لە خەڵکی نارازی دەکەن. ئێژەییی جەلاد، هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە: "سزای خائینان بە نیشتمان لەسێدارەدانە و لە بەدواداچوونی دادوەری و دەرکردنی حوکمەکانی لەسێدارەداندا، هیچ چاوپۆشی و سازشێک ناکرێت". لە ساڵی ١٤٠٤دا، سەرەڕای کوشتار و کۆمەڵکوژیی هەزاران کەس لە خەڵکی نارازی لە ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا، لانیکەم ٢٤٨٨ کەسی دیکە لە بەندکراوانیان لەسێدارە داوە. بەپێی ڕاپۆرتی سەرچاوە هەواڵییەکان، لە سێ مانگی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی حوکمی لەسێدارەدانی لانیکەم ١٦٠ زیندانیی جێبەجێ کردووە

لە ماوەی ئەم شەڕەی ئێستاشدا، لانیکەم ٩ کەس لە زیندانییانی سیاسی بە تۆمەتی هەڵبەستراو و پڕوپووچی وەک "موحارەبە"، لەوانە سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل، ئەندامێتی لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و تەنانەت بە تاوانی پەیوەندیگرتن لەگەڵ میدیاکانی دەرەوەی وڵات و ناردنی هەواڵ و وێنە یان ڤیدیۆکلیپ، لەسێدارە دراون. سەرباری ئەوەش، حوکمی لەسێدارەدان بۆ دەیان کەسی دیکەش دەرکراوە کە شەش کەس لەوان بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەیان بۆ ژووری تاکەکەسی گواستراونەتەوە. بێگومان زۆر کەسی دیکەش لە مەترسیی دەرکردنی حوکمی لەو شێوەیەدان. تۆمەتی بێبنەمای سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل بۆ ئەو کەسانەی کە لە نارەزایەتییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیدا بەشدارییان کردووە، لە کاتێکدایە کە جۆری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل لە ناوخۆی ئێران و کوشتنی بەرپرسان و مۆرە باڵاکانی حکوومەتی ئیسلامی، دەریدەخەن کە سیخوڕان و هەواڵدەرانی ئیسرائیل، نەک لاوانی نارازی بە دۆخی بژێویی ژیان، بەڵکوو لەنێو خودی بەرپرسە زۆر باڵاکانی کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداراندان. لە هیچ کەس شاراوە نییە کە ئیسرائیلیش بە پشتبەستن بە ناردنی زانیاریی ورد لەلایەن ئەوانەوە، هەنگاوی ناوە بۆ تیرۆرکردنی مۆرە باڵاکانی کۆماری ئیسلامی

بەڵام لەسێدارەدانی ئامانجدارانەی ئەم ژمارەیە لە زیندانییانی سیاسی لەم ماوەیەدا و نەبوونی ڕاپۆرت لەسەر جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییانی ناسیاسی، نیشانەی ترس و تۆقانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە لە تەقینەوەی تووڕەیی و نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک بۆ کۆتاییهێنان بەم دۆخەی ئێستا. بەم پێیە، ڕژیمی ئیسلامی بە لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی، هەم وەک نەیارانی سیاسی تۆڵەیان لێ دەکاتەوە و هەمیش بۆ دروستکردنی کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن لەنێو کۆمەڵگادا کەڵکی لێ وەردەگرێت. لەم پەیوەندییەدا، تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان و ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی خاکەلێوە لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا هۆشدارییان دا کە زیندانییان لە ئێران لە دۆخێکی قەیراناویدان و ڕووبەڕووی هەڕەشەی دوولایەنەی هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، وە توندوتیژی و لەسێدارەدانی حکوومەتێک بوونەتەوە کە پێشینەی کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسیی هەیە. لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە زۆرێک لە زیندانییانی سیاسی لە دەستبەسەرگە نهێنییەکاندا ڕاگیراون و لەلایەن حکوومەتیشەوە لە مەترسیی بێسەروشوێنکردندان. ئەم زیندانییانە ئەو دەرفەتەیان نییە کە لە کاتی بۆردومانەکاندا پەنا بۆ شوێنێکی ئەمن بەرن، لە دەستڕاگەیشتن بە پزیشک و دەرمانیش بێبەشن و لە ئەگەری نارەزایەتی دەربڕینیشدا، لەلایەن زیندانەوانەکانەوە ڕووبەڕووی سەرکوت و توندوتیژی دەبنەوە

سەرباری ئەمانە، لە گەرمەی شەڕ و کەمبوونی جێگا، خۆراک و پێداویستییەکانی ژیان لە زیندانەکاندا، ڕەشبگیری و دەستبەسەرکردنەکان هێشتا بەردەوامن. نزیکەی سەد هەزار کەس لە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانبار، هێشتا لە زینداندان. سەرەڕای ئەوەش، ڕژیمی دژەمرۆڤیی کۆماری ئیسلامی هیچ هەنگاوێک بۆ ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی نانێت. لە هەلومەرجێکی وەهادا، زیندانییانی سیاسی هەم مەترسیی دەستبەجێی ئێعدامیان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لەسەرە و هەم لەژێر مەترسیی بۆردومانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدان. لەم ڕووەوە پێویست و زەروورە لە ناوخۆی ئێراندا بە پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاوپشتی و هاودڵی لەگەڵ بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی و بە گەشەپێدانی بزووتنەوەی "نا بۆ ئێعدام"، وە لە دەرەوەی وڵاتیش بە ڕێکخستنی کەمپەین و کارزارە سیاسییەکانی دژ بە ئێعدام، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی و کۆتاییهێنان بە ئێعدام بخرێتە ژێر گوشارێکی توندەوە

❊❊❊

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# شـێعر

## "غەریبی"

لە دڵمانا غەریبی ئەی شەوی نەورۆز
لە دڵمانا غەریبی ئەی شنەی گەرمی بەهاراوی
لە دڵمان غەریبی ئەی کچی لادی، گوڵاڵەی سەوزەڵانی
بە چاوی گەش، گەزیزەی بەر بەرۆژانی
تریفەی بەفری بەر تاوی
زرێباری بەیانی تاو وساوی
کوڵەنجەی خامەکت بەڵگی وەنەوشە
کراسی کرنەکەت لیلوپەڕی ئاوی
کە هەڵئەبڕێ کوڵی گەرمی گەرووی ناسک
خرۆشی خاڵە ڕێبوار
لە شەق بوونی شەوا قاوی دڵێری خاسەکەو،
قاوی کەوی هەردە کەوی کۆسار،
کەچی هێشتا لە دڵمانا غەریبی ئەی کەو ئەی کەویار.

*****

گوڵاڵەی سەوزەڵانی!
غەریبی لێ ئەباری ئەم بەهارە
غەریبی لێ ئەباری شینی گەرمی وردە بارانی.
گەزیزەی بەر بەرۆژان!
بە بەژنی ئاڵ و واڵا جوان و شیرینی
لەبەرچاوم، کەچی ئەی قوڕ بەچاوم بووکەدارینی.
لە بەر چاوم تەجەللیی ئینتیزاری
کە چاوەڕوانی بارانی بەهاری
بەڵام تۆ خەم مەخۆ
مەچۆ فەقیانەکەت مەدڕە
لە داری کۆنە شەخسێک مەیکە ئاڵایی
برای پینە و پەڕۆبارت
برای بن کۆڵە دارت
داری شەخسە،
مەترسە
نیازی لێ بخوازە، دەس دە پشتێنی
بڵێ تاکەی هەڵکێشین لە سایەی داری بی ئاخی غەریبی
نیازی لێ بخوازە، بەڵکو هیممەت کا
بەهار بێنی و نیاز بێنێ و داری ساز و ڕاز بێنێ
" چاوە "

***




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦